# ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی سیاسی و سەربازی هەرێمی کوردستان (لە ڕوانگەی هاولاتیانی هەرێم لە دوای ٢٠٠٥)*

| |
|---|
| نازنین مرزا صابر |
| قوتابی ماستەر، بەشی سیستەمە سیاسییەکان وسیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان/عێراق |
| nazanin.saber@su.edu.krd |
| پ.د.صالح عمر عیسى |
| بەشی سیستەمە سیاسییەکان وسیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان/عێراق |
| salih.issa@su.edu.krd |

| | | |
|---|---|---|
| ID No. 5368 | Received: 06/11/2025 | وشەکلیلیەکان: |
| (PP 98- 130) | Accepted: 17/12/2025 | ئاسایشی نەتەوەیی ، پارتی سیاسی ، ئاسایشی سیاسی و ئاسایشی سەربازی |
| https://doi.org/10.21271/zjlp.24.42.5 | Published:07/06/2026 | |

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆلی پارتە سیاسییەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی سیاسی و سەربازی هەرێمی کوردستان (لە ڕوانگەی هاولاتیانی هەرێم لە دوای ٢٠٠٥)، کە بەرجەستە بووە لە شیکردنەوەی سروشتی بەشداری وڕۆڵی پارتە سیاسییەکانە بۆ گەیشتن بە سەقامگیری سەربازی وخستنەڕووی کاریگەری هەژموونی پارتی سیاسی لەسەر بێلایەنی دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکان و ئاستی متمانەی گشتی پێیان، و توێژینەوەکە بە پرسیاری سەرەکی دەستپێدەکات: پارتەسیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بە چ شێوەیەك کاریگەریان لەسەر ئاسایشی سیاسی و سەربازی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ هەبووە؟ وتوێژینەوەکە بەم گریمانەیە دەستپێدەکات لە کاتێکدا لایەنە سیاسییەکان بەشدارییان لە بەهێزکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ کردووە، بەڵام دەستوەردانەکانیان لە دامەزراوە ئەمنییەکان و سەربازییەکان حوکمڕانی لاواز کردووە و متمانەی گشتی کەمکردووەتەوە، وهەروەها توێژینەوەکە ڕێبازێکی وەسفی-شیکاری بەکارهێنراوە، ومیتۆدی چەندایەتی و چۆنایەتی لەخۆگرتووە، و ڕێبازی مەیدانی وەک ئامرازی سەرەکی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێنراوە، کە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەنموونە وەرگیراوە، لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە بەودەرئەنجامەی کە، بەشداربوانی ڕاپرسیەکە پێیان وابوو حزبە دەسەڵاتدارەکان ڕێگربوونە لەوەی هەرێمی کوردستان سوپایەکی نیشتمانی هەبێت، و حزبە دەسەڵاتدارەکان کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر بڵاوبونەوەی دیاردەی چەکداری لە لای خەڵکی مەدەنی هەبووە، حزبە دەسەڵاتدارەکان زۆرترین کاریگەریان هەبووە، ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان کەمترین کاریگەریان هەبووە.

* ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوە لە ماستەرنامەی قوتابی (نازنین مرزا صابر)، بە ناونیشانی ( ڕۆڵی پارتەسیاسیەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان دوای ساڵی 2005)، بڵاونەکراوە، بەشێکە لە پێداویستیەکانی پرۆسەی تاوتوێکردن و بەخشینی بڕوانامەی ماستەر.

## پێشەکی

یەکەم: دەروازەیەك بۆ ناساندنی بابەتەكە:

هەرێمی کوردستانی وەک قەوارەیەکی سیاسی کە لە ناوچەیەکی پر لە ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵکەوتووە. بە هۆی ئەو باکگراوەندە مێژوییەی لە خەبات و تێکۆشان بۆ خۆبەڕێوەبەری و ئۆتۆنۆمی، بە تایبەت پاش دروست بوون حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (1992)، لە دەرئەنجامی ئەم حوکمڕانیەدا پێشکەوتنێك و جوڵانەوەیەکی سیاسی بە خۆیەوە بینی کە بووە هۆی دروست بوونی چەندین پارت و ڕێکخراو بە ناوی جۆرا و جۆر لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا هەندێکیان ئایینی وهەندێکیان سیکۆلاری. دواتر لە ساڵی (2003) گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە ڕووی سیاسی و ئابوری دروست بوو، نمونەیەکی باش و ئەرێنی خرایە بەرچاو کۆمەڵگای جیهانی و سەرەنجی وڵاتی بیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بووە هۆی دروست بوونی دیمەنێکی سیاسی تایبەت، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم دیمەنە سیاسییە دیاردەی فرەحزبی بوو، تایبەتمەندییەک کە لە سەرەتای نەوەدەکانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو داینامیکی سیاسی ناوچەکەی لە قاڵب داوە، حیزبی سیاسی گەورە و بچوک، بەهێز و لاواز کە جەماوەری فراوان و هەندێکشیان بێ جەماوەر بوون لە شەقامی کوردستانی هەرکامەیان مێژوویەکی دورو درێژیان لە ناو گۆڕەپانی سیاسی هەیە. و ئەوەی پەیڕەو دەکرێت تا ئێستا یاسای پارتە سیاسیەکانی کوردستانە کە لەساڵی (1993) بڕیاری لەسەردراوە لە پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسای پارت و دەستە سیاسیەکان بە ژمارە(17)ی ساڵی (1993)، تا ئێستا هیچ یاسایەکی تر دەرنەچووە لە کوردستان.(1)

بۆیە لەو ڕوانگەیەوە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی سیاسی وسەربازی لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بە بوونی فرە حیزبی ڕاستەقینە هەیە، ولە چوارچێوەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە بواری ئاسایش گۆرانکاری بەرچاوی داهێنا کە ڕەهەندەکانی ئاسایشی فراوانکرد کە خۆی دەبینێتەوە لە پێنج سێکتەری جیاواز لە لایەك و تێکەڵ و وابەستەیان لەلایەکی تر ڕەهەندەکانیش خۆی دەبینێتەوە لە ( سیاسی، سەربازی، کۆمەڵگەیی، ئابوری و ژینگەیی)، هەریەك لەو ڕەهەندانە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ کار دەکەنە سەر ڕەهەندێك یان ڕەهەندەکانی تر.

دووەم: گرنگی توێژینەوە: لەوە دایە کە تەنها باس لە ڕۆڵی پارتەسیاسیەکانی هەرێمی کوردستان ناکات لەسەر یەك جۆر لە ئاسایش بەڵکو باس لەو ڕۆڵە دەکات لەسەر ڕەهەندی سیاسی و سەربازی، بەمەش بە ڕەهەندێکی فراوانتر باس لە ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکات.

سێیەم: ئامانجی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە بەشێوەیەکی زانستی تێگەیشتنمان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی( سیاسی و سەربازی ) لە هەرێمی کوردستان هەبێت و بە وردی دەستنیشانی ئەوە بکەین کە حزبەکانی هەرێمی کوردستان، چ دەسەڵاتدار بن، یان ئیسلامی و ئۆپۆزسیۆنی سکۆلاریستی هەر یەکە بە چ شێوەیەک ڕۆڵی ئەرێنی یان نەرێنیان هەبووە. بە دەستنیشان کردنی هەڵەکان بتوانین بە شێوەیەکی زانستی چارەسەری کێشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بکەین، تاکو مەترسییەکانی سەر هەرێمی کوردستان کەمتر ببێت.

چوارەم: کێشەی توێژینەوە، قەیران و ناکۆکییەکانی سیاسی لە نێوان پارتەکانی سیاسی هەرێمی کوردستان، کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر پرۆسەی سیاسی کردووە و بە شێوەیەکی دیفاکتۆ هەرێمی کوردستانیان دابەشی دوو ئیدارە کردووە. ئەمەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر ژیانی هاولاتیانی هەرێمی کوردستان دروست کردووە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات کە دەستنیشانی ئەو بابەتانە بکات کە چۆن پارتەکانی سیاسی کاریگەریان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی سیاسی و سەربازی هەرێمی کوردستان هەیە و بۆ گەیشتن بە چارەسەری کێشەکان توێژەران پرسیارەکانی خوارەوەیان دارێژتووە.

پێنجەم: پرسیاری سەرەکی توێژینەوە ئەوەیە کە پارتەسیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بە چ شێوەیەك کاریگەریان لەسەر ئاسایشی سیاسی و سەربازی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی 2005 هەبووە؟ پرسیاری لاوەکی ئەوەیە 1- هەر یەک لە

---

( 1)ڕۆژگار حەمەد ئەمین عەلی، پەیوەندی فرە حیزبی بە سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان / عێراق، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)،ل.٣٢٥.

پارتەکانی دەسەڵات، ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی و سکۆلاریستی چ کاریگەریان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی سیاسی و سەربازی هەرێمی کوردستان کردووە؟ 2-هەڵوێستی جەماوەری خەڵکی هەرێمی کوردستان بەرامبەر پارتەسیاسیەکان چی بووە؟

شەشەم: گریمانەی کە بۆ ئەو توێژینەوە دانراوە ئەوەیە کە پارتەکانی دەسەڵات کاریگەری سلبیان لەسەر ناکۆکی و ململانێی سیاسی و دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بە سەر دوو زۆن کردووە، بەڵام کاریگەری ئەرێنی زیاتریان لە پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی و بەرگریکردن لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر داعش و گروپەکانی تیرۆرستی لە پارتەکانی ئیسلامی و پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنی سکۆلاریستی هەبووە. لە هەمانکاتدا کاریگەری نێگەتڤیان لەسەر دروستکردنی سوپایەکی نیشتمانی و یەك نەگرتنی دامودەزگاکانی ئەمنی هەرێمی کوردستان و بڵاوبوونەوەی دیاردەی چەکداری لەناو خەڵکی مەدەنی هەبووە، بەڵام پارتەکانی ئیسلامی و پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنی سکۆلار کەمتر لە ئەوان لەو بوارە کاریگەری نێگەتڤیان هەبووە.

حەوتەم: لەو توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی چەندایەتی وچۆنایەتی بەستراوەتەوە، وهەروەها زیاتر لە ڕێبازێکی زانستی بەکارهاتووە، لەوانە بە مەبەستی وەسفکردنی بابەت و کۆمەڵگاو نمونەی توێژینەوەکە و داتا بەدەست هاتووەکان میتۆدی وەسفی شیکاری بە ڕێگای ڕوپێوی کۆمەڵایەتیمان بەکارهێناوە، بۆ شیکردنەوەی داتاکان سوود لە ئامرازی ئاماری (SPSS) وەرگیراوە. هەروەها پشتی بەستوە بە ڕێبازی مەیدانی لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی کە نمونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی هەرەمەکیە لە ناو هەرێمی کوردستان.

بێگومان توێژینەوەی زۆر کراوە لەسەر پارتەسیاسیەکانی هەرێمی کوردستان و پرسە ئاسایشی و مەترسیە ئاسایشیەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان بەڵام جیاوازی توێژینەوەکەی ئێمە لەوە دایە کەباس لە پارتەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین بەگشتی و گشت ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانمان وەرگرتوەو پارتەکانمان دابەشکردوون بۆ پارتەکانی دەسەڵات و ئیسلامی و ئۆپۆزسیۆنی سکۆلاریستی دەستنیشانی رۆڵی هەریەکە لەو پارتانەمان کردووە لەسەر پرسە سیاسی و سەربازیەکانی سەر ئاسایشی هەریمی کوردستان.

## بەشی یەکەم

## پێناسە و چوارچێوەی تیۆری بۆ ئاسایشی نەتەوەیی

### باسی یەکەم

### چەمك و پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی

لە ڕابردوودا تێڕوانینێکی زاڵ هەبوو بۆ چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ هەردەوڵەتێك یان نەتەوەیەك کە بە تەواوی بەسترابۆوە بە دەسەڵاتی سەربازی و توانای پاراستنی ئاسایشی خۆی لە هەر جۆرە مەترسیەك، بەڵام ئەو بیروچوونە گۆڕا هەمووان درککیان بەوە کرد کە ئاسایشی نەتەوەیی توانا سەربازیەکانی دەوڵەت تێدەپەڕێنێت، دەوڵەت ناتوانێت ئاسایشی خۆی بەدەست بهێنێت ئەگەر کەمترین ئاستی سەقامگیری ناوخۆی نەبێت.(1)

هەروەها لە فەرهەنگی خاڵدا ئاسایش بەواتای ( بێ ئاژاوەی یان بە مانای حەسانەوەو ئارامگرتنی گیاندار هاتووە). (2)

چەمکی ئاسایش پێچەوانەی چەمکی ترسە(Fear ) بە واتایی دڵنیای و نەبوونی ترس دێت وەرگێردراوی وشەی (Security) لە زاراوەی لاتینی (Securus - Securitas) وەرگیراوە.(3) چەمکی ئاسایش لەڕووی زمانەوانیەوە هەست کردنە

---

( 1) فرناز عطية أحمد،مفهوم الأمن القومي: التطور والأبعاد، المعهد المصرى للدراسات، 6-يوليو-2022، يوم الزيارة(27-4-2025)

https://www.eipss-eg

( 2) شێخ محمد خاڵ،فەرهەنگی خاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،2005، ل 4.

( 3) جون بليس-ستيف سميث، عولمة السياسة العالمية: الأمن الدولي في حقبة ما بعد حرب الباردة، مركزالخليج للأبحاث ، الطبعة الأولى، دبي،2004،ص410.

بە دڵنیای، سەقامگیری و توانای دەستەبەرکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکان و پاڵنەرە ئۆرگانی و دەرونیەکانە، ئاسایش دیاردەیەکی کۆنە پەیوەستە بە مرۆڤ و بوونی ئاگایی لە خۆی و ئەو مەترسیانەی هەڕەشە لە مانەوەی دەکەن، گرنگی ئاسایش لەوە دایە کە مەرجێکی بنەرەتیە بۆ ژیان و بوونی مرۆڤ، مرۆڤەکان بەبێ بوونی ئاسایش ناتوانن لە ژیانێکی ئاسایی بژین، بۆیە دەتوانین بڵێین ئاسایش چەترێکە هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە. (1)

زۆربەی ئەو کەسانەی کە پێناسەی چەمکی ئاسایشی نەتەوەییان کردووە لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو چەمکە بە گشتی ئاماژەیە بۆ نەبوونی هەستی ترس و هەستی ئاسایش نوێنەرایەتی بەهایەکی مرۆڤایەتی گشتگیری دەکات، بە چینێکی کۆمەڵایەتی سنوردار ناکرێت، یان پەیوەست بێت بە ئاستی داهات، هەژار وەکو دەوڵەمەند پێویستی بە هەستی ئاسایشە، پێویستی بەوەیە هەست بە سەلامەتی بکات، جگە لەمە هەموو زیندەوەران بە شێوەیەك لە شێوەکان هەست بە گرنگی ئاسایش دەکەن ئاسایش یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی ژیان ئاسایش وەکو پرسێکی رێژەیی سەیرکراوە کە پەیوەستە بە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی باشترین هەڵومەرجی بەردەست و دامەزراندنی و بە دیهێنانی.

لەگەڵ ئەوەی چەمکی ئاسایش بە شێوەیەکی فراوان بەکارهاتووە چەندین پێناسەی جیای بۆ کراوە هەندێك کات ئەو چەمکە سنووردارکراوە وە هەندێك کات لێکدانەوەو ناساندنێکی فراوانتری بۆ کراوە، ئێمە لێرەدا هەندێك پێناسە دەخەینەروو:

(والتر لیپمان) لە ساڵی 1943 پێناسەی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی کردووە دەڵێ "نەتەوەیەك ئەو کاتە ئاسایشی پارێزراوە، کاتێك ناچار نەبێت قوربانی بدات بە بەرژەوەندیە ڕەواکانی لە پێناو دوورخستنەوەی جەنگ"(2) ، لیپمان پێی وایە هەر وڵاتێك هەرەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانی نەبێت ئەوا خاوەن ئاسایشە واتە ئەو دەوڵەتە بە هەر جۆرێك سازشی لە بەرژەوەندییەکانی خۆی کرد تاوەکو دەوڵەتەکەی بپارێزێت ئەوا ئەو کاتە ئەو دەوڵەتە ئاسایشی تەواوی نیە.

(هێنری کێسنجەر) وەزیری پێشووی دەرەوەی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەساڵی 1974دەڵێت "ئەو شێوازە لە سیاسەت و هەڵسوکەوتە کە گرەنتی مانەوەی کۆمەڵگا دەکات لە مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتانی تر بە شێوەیەك کە نەبێتە هۆی لە ناوچوونی خود، هەروەها هەوڵدانە بۆ زیاتر پێشکەوتن و بەهێزبوونی گەل" (3) ، گرنگترین بابەت کە لەو پێناسە دەردەکەوێت ئەوەیە کە ئامانجی سەرەکی هەموو کۆمەڵگەیەك بریتیە لە بەردەوامی و مانەوە ئەمەش بە بەدەستهێنانی ئاسایش دەکرێت، ئەم پێناسە تەنها باسی ئاسایشی کۆمەڵگای کردووە.

(ئارنۆڵد وۆڵفێر-Arnold Wolfers) پێناسەکەی بەو شێوەیە پێشکەش کردووە ودەڵێت" ئاسایش بە مانا بابەتیەکانی خۆی، بە نەبوونی هەڕەشە لەسەر بەها بەدەستهێنراوەکانی دەپێورێت، بە مانا خودیەکانیشی واتە نەبوونی ترس لەوەی کە هێرشبکرێتە سەر ئەو بەهایانە" (4)، ئەم پێناسە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئاسایش بریتیە لەوەی کە بەها بەدیهێنراوەکان لە ژێر هەڕەشە و مەترسی نەبن، بەڵام لە هەر کۆمەڵگەیەك کۆمەڵێك بەهای گرنگ هەن کە بەدینەهاتوون، ڕاستەوخۆ ئاسایش پەیوەست دەکات بە بەها بەدیهێنراوەکان ئەو کارانەی کە میللەتێك هەست بە وجودی خۆی دەکات، بەڵام بەهاکانی تێك دەدات ئەوا ئەو کارانە بەکاری بێسوود دادەنێت.

توێژەر پێی وایە لە کۆی ئەو پێناسانەی کردمان ئاسایشی نەتەوەیی دەگەرێتەوە بۆ باسکردن لە سێ تەوەر :

---

( 1) هوشنك صابر أحمد، الدبلوماسية و الامن ، الطبعة الأولى، المركز العربي للنشر والتوزيع( الثقافة بلا حدود) ،جمهورية مصر العربية،2019،ص.29.

(2) Lippman، Walter(1943)، U.S. Foreign Policy: Shield of the republic، Little، Brown and company; 2nded.، Retriered may 28،2012،p.51.

( 3) لخميسي شيبي،الأمن الدولي والعلاقة بين منظمة حلف شمال الأطلسي والدول العربية- فترة ما بعد الحرب الباردة(1991م-2008م)، الطبعة الأولى، المكتبة المصرية، الجيزة، 2010، ص.14.

(4 ) Arnold Wolfers، Discord and collaboration، Essays on International politics( Baltimore : John Hopkins University press، 1962) ، p. 150.

تەوەرەی یەکەم:هەوڵدانە بۆ رزگاربوون لە ترس، واتە ئەو مەترسیانە چین کە لەسەر هەر دەوڵەتێك یان نەتەوەیەك یان هەردووکیان هەن.

تەوەرەی دووەم:ئاسایش واتە زانین یان ناسینی سەرچاوەکانی هێز و بتوانین گەشەپێدان یاخود پەرەپێدان بەو سەرچاوانە بکەین.

تەوەرەی سێیەم: پاراستنی ئەو دەوڵەتە یان ئەو هەرێمە لە گەڵ بنەما بنچینەیەکانی کە لەو دەوڵەتە حوکمڕانی پێدەکرێت، چونکە ئاسایش پەیوەندیداردەبێت بە دەوڵەتێك یاخود گەلانێك کە لە هەرێمێکدا دەژین.

بە گشتی دەتوانین بلێن ئاسایشی نەتەوەیی بریتیە لە کۆی ئەو هەنگاو و ڕێورەسم و ڕێکارانەی کە هەرێمێك یاخود دەوڵەتێك دەیگرێتەبەر بۆ پاراستنی قەوارەکەی و پاراستنی نەتەوە و دەستکەوتەکانی بە هۆی سیاسەتێکی ناوخۆیی و سیاسەتێکی دەرەکیەوە.

## باسی دووەم

## ڕەهەندەکانی ئاسایش لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن

بەر لە شیکاریەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن و خستنەڕووی ڕەهەندەکانی ئاسایش گرنگی تایبەت لای قوتابخانەکانی تر بریتی بوو لە ڕەهەندی سەربازی، بەڵام قوتابخانەی کۆپنهاگن بەگشتی و (باری بۆزان ) بەتایبەتی دیدێکی جیاوازی سەبارەت بە ڕەهەندەکانی ئاسایش خستەڕوو کە پێکهاتبوون لەو ڕەهەندانە( سیاسی، سەربازی، کۆمەڵگەیی، ئابوری و ژینگەیی) کەلەم باسەدا هەوڵدەدەین بەوردی هەریەك لە ڕەهەندی سیاسی وسەربازی بخەینەڕوو چونکە هەر یەکەیان وابەستەن بەیەکترییەوە و کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر پرسە ئاسایشیەکان هەیە.

### تەوەرەی یەکەم : ڕەهەندی سیاسی

ڕەهەندی سیاسی بەرجەستە دەبێت لە ڕێگەی پەیوەندی نێوان ئاسایش وەك ڕەگەزێکی گۆراو و پێکهاتەی پێکهێنەرەکانی دەوڵەت( سەروەری و یەکپارچەیی هەرێمایەتی) بە گشتی ڕەهەندی ئاسایشی سیاسی نەتەوەیی، بریتیە لە ئازادی دەوڵەتان لە فشارە سیاسیەکان کە لە ئەنجامی کارلێککردنی سیاسی لە ئاستی ناوخۆی، بۆ ئەوەی ئاسایش مسۆگەر بێت دەبێت ڕێز لە ئەکتەرە سیاسیەکان بگیرێت لە هەموو هەڵومەرجە جۆراوجۆرەکان کە لە ئاکامدا دەبێتە هۆی سەقامگیری و یەکڕیزی نەتەوەیی، ڕەهەندی سیاسی لە ئاستی دەرەکیدا توانای دەوڵەت پیشان دەدات لە خۆگونجاندن لەگەڵ فشارو گوشارە ئامانجدارەکان بۆ زۆر لێکردن لە گۆرینی هەڵوێستیان یان لە ڕێگەی لە خۆگرتنی چەند هەڵوێستێك کە دژ بەیەکە لەگەڵ ئەو بنەمایانەی کە باوەڕی پێیەتی و هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، ڕەهەندی سیاسی دوو لایەن لەخۆ دەگرێت لایەنێك لەسەر ئاستی ناوخۆییە کە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتیانە، ولایەنێکی تری لایەنی نێودەوڵەتیە بریتیە لە پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتانی تر لە ڕەهەندی سیاسیدا زیاتر مەبەست لە ئارامی سیستەمی حوکمڕانی و دامەزراوەکانی دەوڵەت و شەرعیەت و شەرعیەتی ئایدۆلۆژیای حوکمڕانیە. (1)

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی سیاسی بەو شێوەیە دەستنیشان بکەین:

-هەڕەشە نێودەوڵەتیەکان بۆ سەر دەوڵەتە لاوازەکان لەسەر بنەمای دابەشبوونی دەوڵەتی نەتەوەییان، بەشێوەیەکی ئاسایی دەوڵەت لەسەر بنەمای یەك نەتەوە دروست نەبووە، زۆر جار لەناو ئەوجۆرە دەوڵەتانە خولیای جیابوونەوە دروست دەبێت لەوانەیە ئەو جیابوونەوەیە بە فشاری دەرەکی یاخود ناوخۆیی بێت.

-هەڕەشە نێودەوڵەتیەکان بۆ سەر دەوڵەتە لاوازەکان لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی سیاسیان زۆر جار ئایدۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت قبوڵ ناکرێت و دەکەوێتە ژێر هەڕەشە لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزەوە لێرەدا هەڕەشەی سەرەکی لەسەر ئایدۆلۆژیا دەبێت.

---

( 1) بالة عمار، إسهامات مدرسة كوبنهاغن في توسيع مفهوم الأمن: من الأمن العسكري إلى الأمن المجتمعي، مجلة الحقوق والحريات ،المجلد 10، العدد2، جامعة خنشلة،الجزائر، 2022، ص 1166.

-هەڕەشەکان لەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتی. (1)

ڕوانگەی قوتابخانەی کۆبنهاگن باس لەوە دەکات کە پارتەسیاسیەکان ڕۆڵیکی چارەنوسساز دەگێرن لە ڕەهەندی سیاسیدا لە ڕێگەی بە ئەمنیەتکردن و چوارچێوەدان بە پرسە تایبەتەکان وە دەستنیشانکردنیان وەك هەرەشەی وجودی بۆ سەر سیستەمی سیاسی یان دەوڵەت, بەو شێوەیە دەبنە یاریزانێکی سەرەکی لە دارشتنی ئەولەویەتەکانی ئاسایشی سیاسی و ئاراستەکردنی سیاسەتی گشتی.

تەوەرەی دووەم:ئاسایشی سەربازی

چەندین زاراوەو چەمك هەیە کە پەیوەندیان بە ئاسایش و سەلامەتی دەوڵەتەوە هەیە بە شێوەیەکی فەرمی لەوانە ئاسایشی سەربازی،کە ئاماژەیە بۆ توانای دەوڵەت بۆ بەرگری کردن لە خۆی یان ڕێگرتن لە هێرشی سەربازی کە هەڕەشەی لێدەکات.

هەروەها ئاماژە بەتوانای دەوڵەت دەکات بۆ سەپاندنی بژاردەکانی سیاسەتی خۆی لە ڕێگەی سەپاندنی هێزی سەربازییەوە، زاراوەی ئاسایشی سەربازی هاوواتای زاراوەی ئاسایش خۆیەتی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتگیرتر و ئاسایشی سەربازی کۆنترین شێوەی ئاسایشی نەتەوەییە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانپێدانراوە کە لە شێوە نەریتیەکانی ملّملانێی نێوان دەوڵەتە نەتەوەییەکان و بۆ شەڕی نەوەی چوارەم لە نێوان دەوڵەتەکان و ئەکتەرە نادەوڵەتیەکان فراوان بوو.

چەندین لایەنی ئاسایشی سەربازی هەیە وڵاتان بە پەرۆشن بۆ ئەوەی گرنگی پێبدەن وەك ( بەرێوەبردنی قەیرانەکان، ڕێگریکردن لە ململانێ، هەماهەنگی لەگەڵ هێزە چەکدارە نیشتمانیەکان، کۆنترۆڵکردنی چەك، کەمکردنەوەی چەك بۆ سوپاکان لەکاتی جەنگ لەگەڵ هەرێمەکانی دیکە، بەرێوەبردنی سنورەکان و ناوچە هەستیارەکان لە نێوان وڵاتان و جیهاندا) . (2)

بیرمەندانی ئەو قوتابخانەیە پێیان وایە دوو ئاستی گرنگ لەم ڕەهەندەدا هەیە ئەوانیش توانای چەك و تەقەمەنی لە پێناو بەرگریی کردن و هێرشکردن، و شارەزایی و ناسینی وڵاتان لە بارەی یەکتر لە ڕووی مەرامی سیاسی و ئاسایشی تایبەت بە سیستەم و سەقامگیری وڵاتان، هەروەها ئایدۆلۆژیاو سیستەمی حوکمڕانی کە شەرعیەتی تەواوی لێوە بەدەستدەهێنرێت واتە پارێزگاریی کردن لە ئارامی و ئاسایشی وڵات.

لەڕوانگەی بۆزان و بیرمەندانی قوتابخانەی کۆپنهاگن ڕەهەندی سەربازی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ ڕەهەندی سیاسی هەیە، بەو مانایەی کە جۆری سیستەمی سیاسی دەستنیشانی ڕۆڵی هێزی سەربازی دەکات لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بەرامبەر هەڕەشەو مەترسیە جۆراوجۆرەکان کە لە ناوخۆ و دەرەوە ڕوودەدەن.

لەئێستادا هەڕەشەو مەترسی جۆراو جۆر بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دروستبوون، بەڵام هێشتا هێزی سەربازی کاریگەری باڵای لەسەر پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بەتایبەت لەسەر ئاستی دەرەوە هەیە. دەتوانین بڵێین ئاسایشی نەتەوەیی بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە چۆنیەتی مامەڵەکردن و بەرێوەبردن لەگەڵ هەڕەشە ماددیەکان کە توانایی هێزە سەربازییەکان بابەتی سەرەکین لەو بابەتەدا، واتە ئاسایشی نەتەوەیی وەکو توانای دەوڵەتێکە بۆ کۆکردنەوەی هێزی سەربازی بۆ پاراستنی سنورەکانی لە هەڕەشە دەرەکیەکان. (3)

کەواتە گرنگترین ئەو مەترسیانەی لە ڕەهەندی سەربازیدا ڕووبەرووی دەوڵەت دەبنەوە بریتین لەسەر دروستکردنی پشێوی لە ناوخۆ و هەڕەشەو مەترسی لە دەرەوە و دۆخی گۆڕاوی هەرێمیەکان، چونکە بەشێکی زۆری ئەو هەڕەشانەی

---

( 1) هاوڕێ حەسەن حەمە،قوتابخانەی کۆبنهاگن و سێکتەرەکانی ئاسایش: فراوانکردنی چەمکی ئاسایش، ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە 31-7-2021، کاتی سەردانیکردن 14-8-2025، ماڵپەری رۆژپرێس.
https://rojpress.wordpress.com/2021-07-31/1-997/

( 2) هبة الجندي، مفهوم الأمن العسكري ، يوم النشر 28 -ديسمبر-2020، يوم الزيارة 16-8-2025.
https://hyatok.com

( 3) حسام الدين علي مجيد- نەجات عەلی ساڵح، ئاسایشی نەتەوەیی لە روانگەی قوتابخانەی کۆبنهاگن، گۆڤاری زانکۆ بۆ یاساو رامیاری، ژمارە 28،حوزەیرانی 2020، ل.317.

ڕووبەڕووی وڵاتان دەبنەوە لە وڵاتانی دراوسێوە سەرچاوە دەگرن، بە شێوەیەکی گشتی فاکتەری سەربازی بۆ پاراستنی دەوڵەت لە هەڕەشەی دەرەکی و ناوەوە بە فاکتەری گرنگ دادەنرێت لای قوتابخانەی کۆپنهاگن .

قوتابخانەی کۆپنهاگن باس لەوە دەکات کە پارتەسیاسیەکان لەرێگەی گوتاری سیاسیەوە دەتوانن پرسەسەربازیەکان چ لە ناوخۆ بن چ لەدەرەوە بە ئاسایشی بکەن وەکو هەرەشە وێنای بکەن، لە رێگەی ئەم گوتارەسیاسیەوە کاریگەریان لەسەر زیاتکردنی خەرجیە سەربازیەکان و ڕەوایەتی دان بەبەکارهێنانی هێز وگرتنەبەری رێوشوێن بۆ پاراستنی ئاسایشی سەربازی.

## بەشی دووەم

## پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان

بەشێوەیەکی گشتی پارتی سیاسی هەڵگری ئایدۆلۆژیا یان ڕێبازێکی سیاسی دیاریکراوە، هەروەها کۆبوونەوەی کۆمەڵە کەسێکی هاوئامانجە کە ئەویش گەیشتنە بەدەسەڵات. لەگەڵ ئەوەی پارتی سیاسی ناوەندێکی سیاسیە، بەڵام لە هەمانکاتدا بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویش دادەنرێت، وەکو هەر دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی ماناکەی پەیوەستە بە شوێن و کاتەوە و جگە لەمەش هۆکارێکە بۆ گەشەکردنی کادیران و پەروەردەکردنیان بۆ ئەوەی پارت لە ناوەندێکی تیۆرییەوە بگۆڕێت بۆ ناوەندێکی پراکتیکی و خزمەتکردن بە تاك و کۆمەڵگا، لە دوای ساڵی 1992 لە هەرێمی کوردستان پارتی سیاسی بە بەهێزترین فاکتەری جوڵاندنی سیستەمی سیاسی دادەنرێت. (1)

ئەم پارتانەی کە ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە لە بەرێوەبردنی هەرێمی کوردستان بەسەر چەند ڕەوت دابەش بوونە، ئەو پارتانەی لە هەرێمی کوردستان هەن لەڕووی ئەقلیەتی کارکردن و شێوازی بەرێوە بردنیان لە یەکتری نزیکن و جیاوازیەکی ئاشکراو روون لە نێوانیاندا نیە، تەنها ئەوەی هەیە ئەوەیە ئەو پارتانە بۆ ڕاکێشانی هەست و سۆزی جەماوەر ئەوا دروشم و ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت بەخۆیان بەرزکردۆتەوە، لە ناو ئەو ئایدۆلۆژیانەش ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی و نیشتمانین، وەك ڕزگارکردنی نیشتمان لەدەست داگیرکەری خاك و دروشمی سەربەخۆیی.

### باسی یەکەم

### پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان پارتێکی دیموکراتی نیشتمانیە، بڕوای بە مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادیەکانی تاك و مافی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی تر هەیە. (2)

پارتی دیموکراتی کوردستان لە 16ی ئابی 1946 لە بەغداد دامەزرا، بەسەرۆکایەتی باوکی روحی کورد(مەلا مستەفا بارزانی)، سەرەتا ناوی پارتی دیموکراتی کورد بوو دواتر لە کۆنگرەی سێیەم لە شاری کەرکوك لە 26-1-1953 بڕیاردرا ناوی بکرێتە( پارتی دیموکراتی کوردستان).(3)

دەکرێت ئەو پارتە پێناسە بکرێت بەوەی( پارتێکی دیموکراتی نیشتمانی جەماوەریە، بڕوای بە مافەکانی مرۆڤ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، گەشەپێدانی بەردەوام، فرەیی سیاسی و نەتەوەیی و ئاینی و کلتوری، پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، ئازادییەکان و یەکسانی، مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستان هەیە، بە شێوازی دیموکراسی و مەدەنیەکان لەسەر ڕێبازو بیروباوەڕی مەلا مستەفا بارزانی، تێدەکۆشێت و سود لە ئەزموونی گەلانی تر وەردەگرێت.(4)

---

( 1) بارزان جوهر، متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ،چاپی یەکەم ،2021، ل.84.

( 2) پارتی دیموکراتی کوردستان، مێژوو و ئەزمونی ، رێکەوتی بڵاوکردنەوە 16-8-2022، رێکەوتی سەردانیکردن 9-12-2024.

hawal &jmarae=138444&jor=4https://wishe.net/details.aspx

( 3) پوختەیەك دەربارەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرواری سەردانیکردن 9-12-2024.

.https://www.kdp.inf

( 4) پرۆگرام و پەیرەوی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆنگرەی چواردە، (3-6_11_2022).

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

ئایدۆلۆژیای پارتی دیموکراتی بە کۆمەڵێك قۆناغدا تێپەڕیوە، کاریگەری ئەو سەرکردانەی لەسەر بووە کە نزیک بوون لە ناوەندی بڕیار لەو پارتە، بەڵام زیاتر مەلا مستەفا بارزانی کاریگەری هەبووە لە دیاریکردنی ئایدۆلۆژیاکەی، ئایدۆلۆژیای مەلامستەفا زیاتر مەیلی ئاینی و ڕێرەوی ڕەسەنی کوردی هەبووە کەمتر کەوتۆتە ژێر کاریگەری بیری ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی، بەڵام لە کۆنگرەی سێیەم لە غیابی مەلا مستەفا ئەو حزبە بەرەو بیری مارکسی چوو، لە کۆنگرەی نۆیەم جارێکی تر ئەو حزبە گەڕایەوە سەر بیری مارکسیەت کە ئەوکات ئەو باوەڕە لە کوردستان باو بوو، بەڵام دوای کۆنگرەی دەیەم ئەو پارتەگەڕایەوە سەر بیری نەتەوەیی و دیموکراسەکەی خۆی و بە گشتیەکەی ئەو پارتە پارتێکی نیشتمانی و نەتەوەییە .(1)

دەتوانین بڵێین پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە پرۆسەی ڕاپەڕین و بنیاتنانی دامەزراوەکانی حوکمڕانیدا بەبەراورد بە پارتەکانی تر ڕۆڵی یەکلایکرەوەی بینیوە و کاریگەری هەبووە لە ئاڕاستەکردنی ڕووداوەکان هەم پێش ڕووداوەکان و هەم دوای ڕووداوەکان، بۆنموونە پێش ڕاپەڕین لەگەڵ پارتەکانی تر توانی (بەرەی کوردستانی) دابمەزرێنێت و دواتر بەرنامەی ڕاپەڕین دابنێن و سەرپەرشتی ڕاپەین بکات، دەتوانین بلێین کە بەرەی کوردستانی تاکە ئەزموونی ڕێکەوتنێکی سیاسی کوردیە کە گرنگترین ئەنجامەکانی بریتیبوون لە سەرپەرشتیکردنی ڕاپەرین و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ساڵی 1992 دروستبوونی پەرلەمان و حکومەت. (2)

## باسی دووەم

## یەکێتی نیشتمانی کوردستان

پارتێکی سیاسی کوردیە ئاڕاستەیەکی ناسیۆنالیستی هەیە لە ( 1-6-1975) لە دیمەشق دامەزرا بە سەرکردایەتی (جلال حسام الدین تالەبانی) وەك پارتێکی خەباتگێر دژی ستەمکاریەکانی ڕژێمی بەعس. (3) لە ماددەی (2)، یەکەم پەیرەوی پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمدا هاتووە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان پارتێکی (سۆشیال دیموکراتە)، خەبات دەکات بۆ حوکمڕانی دروست و سەقامگیری ئاشتی و بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هاوڵاتیبوون و مافی چارەی خۆنووسین، دژی جیاکاری ڕەگەزی و نەتەوەیی و ئاینیە. (4)

یەکێتی ئەندامە لە ڕێکخراوی سۆسیالست ئینتەرناسیۆنالیستی جیهانی و پارتێکی سکۆلارە.(5)، یەکێتی لە ساڵی 1976 ەوە بەشداری خەباتی چەکداری دژی ڕژێمی بەعس کردووە، لەدوای 1991 ەوە بەشداری سەرەکی بووە لە هەموو کاروباری سیاسی و ئیداریەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان، دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسین بەشداربووە لە کاروباری سیاسی عێراقیش، بەشداریی کردووە لە پەرلەمان و حکومەتی عێراقی. (6)

## باسی سێیەم

( 1) مسعود عبدالخالق،موسوعەی جودی،بەرگی یەکەم ،نوسینگەی تەفسیر،2015،ل.544.

( 2) خێلان مام بکر ئاوکەڵەیی، ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پرۆسەی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازیدا لە باشوری کوردستان، چاپی یەکەم، 2021، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،ل.142-143.

( 3) مهدی جرادات، الأحزاب والحركات السياسية في الوطن العربي، دار أسامة للنشر و التوزيع، عمان-الأردن، الطبعة الأولى ،2006، ل.159.

( 4) پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەم، چاپخامەی حەمدی،سلێمانی 2024.

( 5) مەیسون حویزمحمد، ڕۆڵی پارتەکانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان- عێراق لە پرۆسەی بەشداری سیاسیدا( هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی خولی سێیەم و چوارەم بە نمونە) ،نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژوی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر،2021،ل.72.

( 6) محمد فاتح، حزب و ڕێکخراوە سیاسیە عێراقیەکان 1910-2010، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی 2012، ل.160.

**پارتە ئیسلامیەکان**

**لەهەرێمی کوردستان چەندین پارتی ئیسلامی بوونیان هەیە، وێرای چەندین خەسڵەتی هاوبەش لە نێوان ئەو پارت و تەوژمە ئیسلامیانە هاوکات هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندی و بیروبۆچون و ڕای تایبەت بە خۆیانن سەرەتای دروستبوونی و دەستپێکردنی کاری ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دروستبوونی برایانی موسڵمان لە وڵاتی میسر. لەسەر دەستی حەسەن بەننا، لەساڵی 1953 برایانی موسڵمان بنکەی خۆیان لە هەورامان بنیاتنا. مەلا عوسمان لە ساڵی 1954 دەبێتە بەرپرسی برایانی موسڵمان لە هەڵەبجە ئەمەش بە سەرەتای دەرکەوتنی بیری پارتی ئیسلامی دادەنرێت لە ناوچەکە.(1)، بەشێك لەو پارتە ئیسلامیانەی بەشداربوون لە پرۆسەی سیاسی ئەمانەن.**

**تەوەرەی یەکەم:یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان**

**بزوتنەوەیەکی ئیسلامی چاکسازیە لە 6-2-1994 راگەیەنرا لەسەر دەستی (سەلاحەدین محمد بەهائەدین )، بەلام حزبەکە پێیوایە کە تەمەنی لەوە زیاترە پێش ئەو بەروارەش هەبووە کاری کردووە پێیانوایە ئەوە تەنها بەرواری ڕاگەیاندنیەتی نەك دروستبوون، پارتەکە لەسەر ڕێرەوی ( برایانی موسڵمان ) ی جیهانیەوە لە کوردستان خەریکی کاری خێرخوازی و سیاسیە.(2)**

**یەکگرتووی ئیسلامی پرسی گەشەپێدان لە بواری بانگەواز و پەروەردە و پرۆسەی سیاسی لە مافی چارەی خۆنووسین تا دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ گەلی کوردستان بە ئەرکێکی ستراتیژی و خەباتی کاری پارتایەتی خۆی دەزانێت، یەکگرتوو لەسەر بنچینەی پێکەوە گرێدانی چەمکەکانی ( ئیسلام – نەتەوە - مرۆڤایەتی – نیشتمان ) بنەما فکری ودیسیپلینە ڕێکخراوەییەکانی خۆی دیاریدەکات. (3)**

**جیاکردنەوەی بانگەوازو و سیاسەت ئەو پرسە بەردەوامەیە کەبەردەوام ڕووبەرووی کۆنگرەکانی یەکگرتوو دەبێتەوە، تاکو ئێستاش چارەسەر نەکراوە، ڕاڕایی پارتەکە لەو پرسەدا دەست و پێی پارتەکەی بەستووە لە بابەتی سیاسەت و دینداریدا بە جۆرێك نە دەتوانێت دیندارەکەی جاران بێت، نە سیاسیە کارامەکەی لایەنگرانی بێت، پرسێکی یەکلاینەبوەوەی یەکگرتوو هەڵواسراویەتی لە نێوان میراتی ئیخوان و دەستگرتنیەتی بە پرسە نەتەوەییەکان، لە دوای 2003 یەکگرتوو تارادەیەك پشتی لە میراتی ئیخوان کردوو گوتارە نەتەوەییەکانی زاڵتر بوون، بەتایبەت لە پرسی ریفراندۆمی سەربەخۆی لە 2017 پشتگیری و پاڵپشتی تەواوی پرۆسەکەی کرد وە بە ڕەخنەگرتنی لە وڵاتانی ئیسلامی، وەکو ئێران و تورکیا زیاتر لە ئومەمیبوون دوورکەوتنەوە، بەڵام ئەمەش بە مانای دوورکەوتنەوەی تەواوی نایەت، دوو میحوەر لەناو یەکگرتووی ئیسلامی هەستی پێدەکرێت میحوەری (ئیسلامگەرایی) کە لایەنگرو گەڕانەوەیە بۆ فکرو بنەماکانی ئیخوان موسلمین، لایەنگرانی ئەم فکرە پێیان وایە یەکگرتوو بەهۆی دەستبەرداربوونی لە دیدی ئیسلامی لاوازبووە، دەلێن لوتکەی هێزی یەکگرتوو ئەو کاتەبوو کە دەستی گرتبوو بە فکری ئیخوان موسلمین. میحوەری دووەم میحوەری(وڵاتانی ئیقلیمی) بۆچونێك لەناو یەکگرتوو هەیە پێیان وایە وڵاتانی هەرێمی بەهۆی پشتگیری لە ریفراندۆم و پرسە نەتەوەییەکان یەکگرتوویان لاواز کرد.(4)**

**تەوەرەی دووەم:کۆمەڵی دادگەری کوردستان**

( 1) فەیسەڵ سلێمان محمد، پێگەی پارتە سیاسیە ئیسلامیەکانی کوردستانی عێراق لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن(1992-2005)،چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2011،ل.39.

( 2) مسعود عبدالخالق، ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان ، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، 2014،ل. 347.

( 3) پەیرەوپرۆگرامی یەکگرتوو. https://www.yakgrtw.net،

( 4) پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازیان، سەنتەری لێکۆلینەوەی ئایندەی ، ڕانانی ئایندەیی ژمارە(2) ساڵی 2020.

پارتێکی سیاسیە لە هەرێمی کوردستان کار بۆ چەسپاندنی دادگەری و پیادەکردنی ئیسلامدەکات، پێکهێنانی رێکخراوێکی ئیسلامی لە پاش نسکۆی 1975 ی خەباتی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان لای هەندێك لە خوێندەوار و گەنج سەریهەڵدا، سەرەتا لە ژێر ناونیشانی ( بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی) پاشان (بزوتنەوەی ئیسلامی ). (1)

پاشان لە ئەنجامی یەکگرتنی ( بزوتنەوی ئیسلامی و بزوتنەوەی راپەرینی ئیسلامی لە ساڵی 1999) بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی هاتە ئاراوە، پاشان باڵی چاکسازی بە سەرکردایەتی عەلی باپیر لە 31ی 5ی 2001 بە هۆی کێشە ناوخۆییەکانی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کۆمەڵی ئیسلامیان ڕاگەیاند. کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ دروستبوونیدا لە ناوخۆ توندوتۆڵ بوو دەردە کۆنەکانی ناو بزوتنەوەیان نەهێشت، بەڵام نەبوونی داڕشتنی ستراتیژیەتێکی فراوان لە ناو بزوتنەوەکە هەر مابوەوە، بۆیە کەوتە نێو کۆمەلێك قەیران و تەنگژە. لە ساڵی 2003 تاکو 2005 عەلی باپیر لەلایەن ئەمریکیەکانەوە دەستگیرکرا. (2)

کۆمەڵی دادگەری هەوڵدەدات بۆ چەسپاندنی دادگەری و دروستکردنی تاکی بەرپرسیار لە پێناو یەکپارچەیی خاکی کوردستان، بەدیدو تێروانینێکی ئیسلامیانە خەبات دەکات بۆ هاوکاری نێوان گەلانی عێراق و ناوچەکە، کۆمەڵی دادگەری لە ساڵی 2001 دوای دامەزراندنی هەم لە عێراق و هەم لە هەرێمی کوردستان بەشداری پرۆسەی سیاسی کردووە، هەندێك جار بەشداربووە لە حکومەت و هەندێك جاریش ئۆپۆزسیۆن بووە. (3)

## باسی چوارەم

## بزوتنەوەی گۆران

بزوتنەوەی گۆران پارتێکی سیاسیە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2009 بە سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا دامەزرا، سەرەتا وەکو جوڵانەوەیەکی جەماوەری دەرکەوت. لە 31ی 5ی 2010 مۆڵەتی فەرمی کارکرنی وەکو پارتێکی سیاسی لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم وەرگرت. نەوشیروان مستەفا دوای ئەوەی نەیتوانی ڕیفۆرم لەناو یەکێتی نیشتمانیدا بکات، لە ساڵی 2006 ەوە وازی لە کاری حیزبایەتی هێناو دەستی بە کاری ڕاگەیاندن کرد، دەستی کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەی رۆژنامەو ماڵپەری سبەی و کەناڵێکی بەناوی knn و ڕادیۆی دەنگی گۆران و سەنتەرێکی راپرسی دامەزراند. (4)

بزوتنەوەی گۆران لە سەرەتای دامەزراندنی داوای چاکسازی ڕیشەیی و گۆڕینی حکومەتی پارتی و یەکێتی دەکرد بە حکومەتێکی دامەزراوەیی نیشتمانی نەهێشتنی گەندەڵی دەکرد، لە 25 ی 7ی 2009 بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کردو توانی 25 کورسی بەدەستبهێنێت، بەڵام بەشداری حکومەتی نەکرد بووە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی. (5)

بزوتنەوەی گۆران ئایدۆلۆژیای ڕیفۆرمخوازی کردۆتە بناغە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و ڕاکێشانی هەستی جەماوەر. زۆرترین جەماوەری بزوتنەوەی گۆران کەوتۆتە پارێزگای سلێمانی و شارو شارۆچکەکانی سەر بەو پارێزگایە، لە پارێزگای هەولێر زیاتر لە ناوچەی رۆژهەڵاتی هەولێر لە قەزای کۆیە و ناوچەکانی دەوروبەری هەیە لەگەڵ بوونی رێژەیەکی کەم لە ناوچەی بادینان، بزوتنەوەی گۆران بەشداری لە کابینەی شەشەم(2009-2011) و کابینەی حەفتەم(2012-2013) نەکرد بریاریدا وەکو پارتێکی ئۆپۆزسیۆن بمێنێتەوە. (6)

---

( 1) رەشنوسی پەیرەوی ناوخۆی کۆمەڵی داگەری کوردستان –عێراق، پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەم 2021.

( 2) مسعود عبدالخالق، سەرچاوەی پێشوو، ل. 343-344.

( 3) هيوا خضر-حمەأمين، مفهوم الدولة المدنية في رؤية الأحزاب الكوردستانية العراقية، رسالة ماجستر(غير منشور) في العلوم السياسية،،كلية العلوم السياسية، جامعة السليمانية، 2018،ص.124.

(4) کاراکوردستانی، بزوتنەوەی گۆران، ڕێکەوتی 17ی 6ی 2020، کاتی سەردانیکردن 30-12-2024.
https://zaniary.com/blog/5ffab8fd09ba6

( 5) مەرزن جمال حسن،،پەرەسەندنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە قۆناغی گواستنەوەی دیموکراسی( هەرێمی کوردستان بە نمونە) نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە) ، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین،هەولێر، 2019، ل.70.

( 6) میسون حویز، هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل.87-88.

## باسی پێنجەم

## جوڵانەوەی نەوەی نوێ

پارتێکی سیاسیە لە ساڵی 2018 لەلایەن شاسوار عبدالواحد بازرگانی کورد خاوەن گروپی میدیایی نالیا دامەزرا، شاسوار عبدالواحد پێشتر لە ساڵی 2017 کەمپینی دژی ڕیفراندۆمی سەربەخۆی ڕاگەیاندبوو، و ساڵێك دواتر پەیامی دژی گەندەڵی و ئازادکردنی جوڵانەوەی ئابوری و کۆمەڵایەتی ڕاگەیاند. (1)

ئەم جوڵانەوەیە مۆڵەتی کارکردنی وەکو پارتێکی سیاسی لە 5 ی کانونی دووەم ی 2018 لە حکومەتی عێراق وەرگرتووە. یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە شاری سلێمانی بەست، لەو کۆنگرەدا شاسوار عبدالواحد بە سەرۆکی جوڵانەوەکە دیاری کرا، کۆنگرەکە بێکێشمەکێش تێنەپەری، هەندێك لە کارەکتەرە سەرەکیەکان سەرۆکی جوڵانەوەکەیان تۆمەتبار کرد بە تاکڕەوی و هەوڵدان بۆ ئەوەی کۆنگرەکە لە بەرژەوەندی خۆی تەواو بکات، لە بەرامبەردا شاسوار ئەمەی بە ( تیۆری پلانگێری ) ناوبردووە، لە 5ی ئۆکتۆبەری 2019 ئەم جوڵانەوە دووەم کۆنگرەی خۆی بەست ئەم جارەش شاسوار عبدالواحد بە سەرۆکی جوڵانەوەکە دیاریکرا. (2)

شاسوار عەبدولواحد سەرۆکی جوڵانەوەکە لە مخاتەبەکردنی گەنجان لە سیاسیەکانی تری هەرێمی کوردستان سەرکەتووتر بووە توانی لە ڕێگەی کورتە ڤیدیۆی یان کۆمێنتی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ژمارەیەکی زۆری گەنج لە خۆی کۆبکاتەوە وخراپی دۆخی ئابوری خەڵك و دواکەوتنی موچە یەکێکی تر بوون لەو هۆکارانەی کە سەرۆکی جوڵانەوەکە توانی لە ڕێگەی میدیاوە کاریگەری لەسەر خەڵك دروست بکات و بتوانێت دەنگێکی زۆر لە کۆتا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەدەست بهێنێت. ئەم جوڵانەوەیە تێروانین و چارەسەری سادەی پێیە بۆ کێشەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر کار بۆ گۆرینی دەستەبژێری دەسەڵاتدار دەکات نەوەك کار بۆ گۆرانی واقع بکات. (3)

## باسی شەشەم

## پارتەکانی مەسیحی و تورکمان

کۆمەڵێك پارتی تر هەن لە هەرێمی کوردستان کەلەسەر بنەمای ئاینی یاخود نەتەوەیی دروستبوون و بەشداریان کردووە لە بەڕێوەبردن و دەرکردنی بڕیار لە هەرێمی کوردستان، لەوانە چەندین پارت لە لایەن پێکهاتەی کلدان، سریان و ئاشوریەکان دروستبوون ، یەکێك لەو پارتانە پارتی ئەنجومەنی کلدانی سریانی ئاشوری بوو کە لە 12ی ئازاری 2007 لە دەشتی نەینەوا لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند پارتێکی کلدانی و ئاشوری و سریانی لە لایەن (شمس الدين گۆرگيس) دروست بوو، ئەم پارتە توانی لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمان (3) کورسی لە کۆی (5) کورسی بەدەستبهێنت، ئەم پارتە لە کابینەی شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمی حکومەتی هەرێم بە یەك وەزیر بەشداری کردووە.

کۆمەڵێك پارت هەن لە کوردستان لەلایەن نەتەوەی تورکمان دروستبوون، لەوانە پارتی هەولێری تورکمانی کە لە ساڵی (2005) لەلایەن محمد چەلەبی دامەزرا، ئامانجی سەرەکی ئەو پارتە بریتیبوو لە بەشداریکردن لە حکومەت و پەرلەمان، لە هەڵبژاردنی 2009 و 2013 ی پەرلەمانی کوردستان توانیان (1) کورسی پەرلەمانی لە کۆی (5) کورسی پێکهاتەکان بەدەست بهێنن، و بەشداریان لە کابینەی شەشەم و هەشتەم کردووە بە یەك وەزیر.(4)

---

(1) محمد رزگار، جوڵانەوەی نەوەی نوێ،ڕۆژی بڵاوکردنەوە 13-9-2021، رۆژی سەردانیکردن 2-2-2025.
https://zaniary.com/blog/613f544d334dc

( 2) نەوەی نوێ – خەونی دوبارە کردنەوەی سەرکەوتنەکەی 2021، ماڵپەری درەو ،ڕۆژی بڵاوکردنەوە 3-2-2024، رۆژی سەردانیکردن 2-2-2025.
https://drawmedia.net/page-detail?smart_id=14623.

( 3) نەوەی نوێ، خەونی دوبارە کردنەوەی سەرکەوتنەکەی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(4) مەیسون حەوێز، سەرچاوەی پێشوو،ل.ل. 89-91.

## بەشی سێیەم

## مەترسیەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان

دوای دروستبوونی هەرێمی کوردستان وەك کیانێکی سیاسی، هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا ڕووبەرووی چەندین مەترسی ئاسایشی بووەتەوە، دوای ساڵی 2005 چەندین ئاڵنگاری و مەترسی ئاسایشی ڕووبەرووی عێراق و هەرێمی کوردستان بووەوە، بە تایبەت هاتنی داعش لەڕووی سەربازییەوە هەرێمی کوردستانی بەرەنگاری مەترسی ئاسایشی کردەوە، لەڕووی سیاسیەوە ملمڵانێی نێوان حزبەکان و پێکدادانی بەرژەوەندی نێوان حزب و لایەنەسیاسیەکان بووەتە هەڕەشەی جدی لەسەر ئاسایشی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

مەترسییەکان تەنها لەیەك ڕەهەندەوە نین، بەڵکو هەمە جۆرن و لە گشت ڕەهەندەکانی ئاسایشەوە دێن لەم بەشەدا هەوڵدەدەین باسی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی سیاسی و سەربازی بکەین.

### باسی یەکەم

### مەترسی و هەرەشەکانی سەر ئاسایشی سیاسی

بێگومان گشت ڕەهەندەکانی ئاسایش گرنگی خۆیان هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گشت ڕەهەندەکانی تریش گرێدراوی ئەو ڕەهەندان، بۆیە لێرەدا باس لە هەندێك لە مەترسییەکانی سەر ئەو ڕەهەندە دەکەین.

**تەوەرەی یەکەم: ململانێی حزبی و دابەشبوونی حزبی**

ناکۆکی توندی ئایدۆلۆژی لەسەر ئاستی ناوخۆ دەبێتە هۆکاری هەڕەشەو مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیانەوە حکومەت و پەرلەمان و دامودەزگا شەرعیەکان هەنگاوێکی باش و پۆزەتیڤ بوون بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام دواتر ڕووبەرووی کۆمەڵێك مەترسی و ئاڵنگاری بوونەوە کە بووە هۆی هەڕەشەی جدی و مەترسیدار بۆ هەرێمی کوردستان، شەری ناوخۆی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرەتایەکی دابەشکاری سیاسی خراپ بۆ هەرێمی کوردستان بوو. (1)

هەرێمی کوردستان لەکاتی دروستکردنی کابینەیەک لەدوای یەکەکانی حکومەت دا هیچ کات گرینگی نەداوە بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەنگی دەنگ دەران، ئەمەش وایکردووە دۆخێکی چەقبەستوو دروستبێت کەنەتوانرێ گۆڕانکاری لە باڵانسی هێز دا بکرێت لە هەرێمی کوردستان و رێگەنەدراوە بەلایەنی تر ، لێرەدا تەنیا جووت حزب کۆنترۆڵی دەسەڵاتیان کردووە بێجگە لەم دوو پارتە دەسەڵاتدارە هیچ پارتێکی تر بۆی نەبووە کابینەی حکومەت درووست بکات، هەروەها بێجگە لەمەش بەبێ ڕازیبوونی یەکێك لەم دوو پارتە حکومەت درووست نابێت، لەهەرێمی کوردستان دا ئەنجامدانی پرۆسەی دەستاودەسکردنی دەسەڵات لەسەر بناغەی دیموکراسی ومتمانەی دەنگی هاوڵاتیانی هەرێم نییە، بەڵکو لەسەر بناغەی هێز دابەش دەبێت بەسەر دوو ناوچە و زۆنی جیاواز لەسەر جوگرافیای هەرێمی کوردستان دا کە هەژموونداررن.(2)

**تەوەرەی دووەم:پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی**

ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام هەڕەشەی لەسەر ئاسایشی سیاسی دروستکردووە " دۆخی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ هەر لە کەیسەکانی بەرێوەچوونیەوە تا ئایندەو وێستگەکانی بە ئاکام گەیشتنی، هەمیشە ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخ و مەرج و فاکتەرانەن کە دۆخی ناوخۆیی و دەرەوەی هەریەکەیان دەئاوژێنن. لەسەر ئاستی ناوخۆی هەردوولا بە ئاستی جیا جیا گیرۆدەی قەیرانی ئابوری قوڵ و

---

( 1) ئەحمەد عوبید،شەری ناوخۆی کوردستان زیان و لێکەوتەکانی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریان،هەولێر، 2009،ل.180.

(2) زوبێر رەسول، کێشەهەناوییەکانی حکومڕانی لەهەرێمی کوردستان، ماڵپەری ڕووداو، ڕۆژی بڵاوکردنەوە (٢٠٢٠/٥/٢٠)، ڕۆژی سەردانی کردن( ٢٠٢٥/٢/٣):

https://www.rudaw.net/sorani/opinion/200520201

ملمڵانێی حزبین، لەسەر ئاستی دەرەکیشدا، فشاری هێز و لایەنە دەرەکیەکان کاریگەریان لەسەر ئەو ململانێیانـە هەبـووە، هەر بۆیە لە بواری کرداریشدا، سیماکانی ئەو پەیوەندیەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ بەشێکی لێکتێگەیشتن و رێککەوتن بووە، بە چەندان ئەوەندەش یەکتر تۆمەتبار کـردن و پابەنـد نـەبوون بـووە بـە بەنـدەکانی ئـەو لێکتێگەیشتنانەی نێوانیان، بەیاننامە لەدژی یەکتری دەردەکەن و یەکتری تۆمەتبار دەکەن بە پێشێڵکردنی دەستوور. (1)

کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان لەدوای ساڵی 2003 یەکێکە لە پرسە ئاڵۆزەکانی نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم کە میکانیزمی چارەسەری ئەو کێشەیە لە ماددەی 58 ی یاسای بـەرێوەبردنی دەوڵـەت لـە سـاڵی 2004دا هـاتووە، دوای سـاڵی 2005 و پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ماددەی 140-یەکەم دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدراڵ پابەنـدکرا بـە گرتنەبەری هەنگاوی پێویست بۆ ماددەی 58 ی یاسای بەرێوەبردن کە لێرەدا بەتەواوی ناوەرۆکی ئەو ماددەیە گواسترایەوە بۆ ناو دەستوری هەمیشەیی عێراق . (2)

تەوەرەی سێیەم:نەبوونی دەستور

نەبوونی دەستورێکی نـووسراو بـۆ هـەرێمی کوردسـتان ئـەو قەوارەیـەی تـووشی گرفتـی سـیاسی کـردووە، لەبـەر ئـەوەی هـەبوونی دەسـتور سیسـتەمی حـوکمڕانی وڵات، مـاف، ئازادییـەکانی تـاك و تایبەتمەندیـەکانی هـەر سێ دەسـەڵاتەکەو پەیوەندی نێوانیان دیاری دەکات.

هەرچەند پرۆژەی دەستور خرایە بەردەم پەرلەمان و دەنگدانەوە، بەڵام بەهۆی ناکۆکی سیاسی گەرێنرایەوە پەرلـەمان سەرەرای پێکهێنانی چەندین لیژنە و کۆبوونـەوە، تـاکو سـالی ٢٠٢٥یـش ئـەو قەوارەیـە بـێ دەسـتورە. دەسـتور سیسـتەمی حوکمرانی وڵات دیاریدەکات هەرێمی کوردستانیش نیەتی، ئەمەش بووەتە هۆکاری ناجێگیری سیستەمی حوکمڕانی، ئەوەی لە هەرێم هەیە تەنها بەیاسا رێکخراوە، ئەمەش هەندێک جار لەناو پەرلـەمانی کوردسـتان لەسـەر دەرکردنـی هەنـدێک لە یاساکان ناکۆکی قولی لە نێوان لایەنەکانی سیاسیدا دروست کردووە. (3)

## باسی دووەم

## مەترسییەکانی سەر ئاسایشی سەربازی

هەرێمی کوردستان لە سالی 2005 بە پێی دەستوری هەمیشـەیی عێـراق وەك تاکـە هـەرێمی فیـدراڵ دانی پێـدانراوە، ئـەو ناوچەیـە لەگـەڵ سێ وڵات( تورکیـا، سـوریا و ئێـران) سـنوری هاوبـەشی هەیـە، هـەرێمی کوردسـتان پـێش دانـانی وەك هەرێمێکی فیدراڵ، خاوەنی هێزی سەربازی بووە، ئەو هێزانە لە نێوان چەندین لایەن و هێزی سیاسی بـەناوی (پێشـمەرگە) دابەشکراون، لە چەندین قۆناغدا هەوڵی یەکخستنی دراوە، لێرەدا باس لە بەشێك لە مەترسیەکانی سەر ئاسایشی سەربازی هەرێمی کوردستان دەکەین:

یەکەم: نەبوونی سـوپایەکی نیشـتمانی (بـوونی هێـزی چەکـداری حزبـەکان) :یـەکێك لـە گـەورەترین مەترسـییەکانی سـەر ئاسایشی هەرێمی کوردستانە، لەڕووی ئاسایشی سـەربازیەوە بـوونی هێـزی چەکـداری حزبەکانـە لـە دەرەوەی دامـەزراوە فەرمیەکان، تەنانەت قوتابخانەی کۆپنهاگنیش باس لە مەترسی چەك لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمیەکان دەکات چەك جگـە لە دەوڵەت و دامەزراوە فەرمیەکان نابێت لە دەستی هیچ لایەنێکی تردا بێت.

---

( 1) عابد خالد رسول، هەولێرو بەغدا: واقیعێکی تاڵ و ئایندەیەکی نادیار، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات،ژمارە 5 ی کانون یەکەمی 2021، ل. 6.

( 2) صالح عمر، پەروێز رەحیم، پرسەکانی ئاسایشی سیاسی و سەربازی هەرێمی کوردستان -عێراق لە روانگەی باری بۆزان لە دوای ساڵی 2017 ، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی (٦)، ژمارە(٢)، بەهاریٍ(٢٠٢١)، گۆڤارێکی وەرزیە لەلایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسیەوە دەردەچێت، ل.375.

( 3) کارزان احمد، ئاڵنگاریەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق لە روانگەی قوتابخانەی کۆبنهاگنەوە لە دوای ساڵی 2014،نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەرامیاریەکان ،2023، سەرچاوەی ل. 63-64.

لە هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەرینەوە پارتە سیاسیەکان هێزیان بەرامبەر یەکتری بەکارهێناوە، بۆنموونە شەڕی ناوخۆ لە نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی تائێستاش هەندێك لـە کاریگـەری و شـوێنەوارەکانی هـەر مـاون، ڕەنگـدانەوەی لەسەر سیستەمی دوو ئیدارەی هەرێمی کوردستانش هەبووە.

هەرێمی کوردستان خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نیە، بۆیە پاراستنی ئاسایشی سەربازی لە هەرێم زۆر سەختترە بەبەراورد بە وڵاتیکی ئاسایی، بابەتە سەربازیەکانی لە پێشی هەموو بابەتەکانی ترەوەن چونکە بابەتی سەربازی ڕاستەوخۆ پەیوەستە پاراستنی خاك، سنورەکانی هەرێم و پاراستنی لە هەڕەشە تیرۆرستیەکان. (1)

دووەم:دیاردەی چەکداری خەڵکی مـەدەنی: لـە ڕوانگـەی قوتابخانـەی کۆپنهـاگن هەبـوونی هێـز لـە دەرەوەی دامـەزراوە فەرمیەکان بە مەترسی و هەڕەشە دادەنرێت، لە هەرێمی کوردستان جگە لە هێزو لایەنەکان، خەڵکی مەدەنیش چـەکی بـێ مۆڵەتیان پێیە و دیاردەی چەکداری خەڵکی مەدەنی لەناو هەرێمی کوردستان باوە، چونکە لە هەرێمی کوردستان زۆرجار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان خەڵك، یان خێڵ و عەشیرەتەکان پەنا بۆ چەك دەبرێت، تەنانەت زۆر جار چەکی قورسیش بەکار دەهێنن ئەمەش مەترسی بۆ سەر ئاسایشی هاوڵاتیـان لە هەرێمـی کوردسـتان دروسـت دەکـات. تەنـانەت دیـاردەی چەکداری هەڕەشە لەسـەر هێـزە ئەمنیـەکانیش دروسـت دەکـات، چونکـە هەنـدێک جـار لـەکاتی ڕووبەڕووبونـەوەکانی تاوانبارەکان لەگەل هێزە ئەمنیەکانیش چەک بەکار دێنن. دەتـوانین بڵێـین دیـاردەی چەکـداری لەگـەڵ ئـەوەی هەڕەشـەو مەترسیە لەسەر ئاسایشی سەربازی لە هەمانکاتدا هەڕەشەو مەترسیشە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتیش.

پارلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێت دیـاردەی چەکـداری نایاسـایی کـونترول بکـات، یاسـای ژمـارە (16) ی سـاڵی 1993 سەبارەت بە چەك گۆری و یاسای ژمارە(2) ی ساڵی 2022 ، یاسایەکی نوێی تایبەت بە چەك، بەمەبەستی هەڵگرتنی چـەك و تفاق و کرین و فرۆشتن و چاککردنەوەیان دەرکرد.[2]

سێیەم:یەکنەگرتنی دامودەزگای ئەمنی و سەربازی : یەکێك لە مەترسیە گـەورەکانی سـەر ئاسایشـی سـەربازی لـە هـەرێم ئەوەیە کە لە سەرەتای دروستبوونی دامەزراوەکان تاکو ئێستا هێـزە چەکـدارەکان لـە ژێـر کـۆنترۆڵی پارتـە سیاسـیەکانن، دابەشبوون و نەبوونی هەماهەنگی و هاوکاری پێویست لە نێوان هێزە سەربازییەکان لە هەرێمدا هەیـە، بـە گشـتی هێـزی چەکداری لە هەرێم پێکهاتوون لە چەنـدین دەزگـای سـەربازی و ئـەمنی کـە دابەشـکراون بـەو شـێوەیە:یەکەم هێزەکـانی پێشمەرگە کە بەشێکی زۆریان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن، هەروەها یەکەکانی 70 و 80 کـە سـەر بـە حزبـە سیاسـیەکانن فەرمانی ڕاستەوخۆ لە وەزارەتی پێشمەرگە وەرناگرن، بەڵکو بە فەرمانی حزبەکان دەجوڵێن. دووەم هێزەکانی زێرەڤـانی و بەرگری فریاکەوتن کە سەر بە وەزارەتی ناوەخۆن وەکو هێزی پۆلیس لە ژێر فەرمانی وەزیری ناوخۆن بەڵام بـە دوو هێـزی جیا هەژمار دەکرێن و سنوری چالاکیـان بـەپێی دابەشـبوونی سـنوری حزبـە سیاسـیەکانە(3). سـێیەم هێزەکـانی ئـەمنی و ئاسـایش کـە لـەژێر فـەرمانی ئەنجومـەنی ئاسایشـی هـەرێمی کوردسـتانن کـە پێکـدێن لـە ( دەزگـای ئاسایشـی هـەرێم- بەرێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری سەربازی- ئاژانسی پاراستن و زانیاری ) بەڵام هەریەك لەو هێزانە بە جیا کاردەکەن لە ژێر سنوری دەسەڵاتی خۆیان. (4)

چوارەم: داعش و گروپە تیرۆرستیەکان : سەرەتای دروسـتبوونی ئـەو ڕێکخـراوە دەگەڕێتـەوە بـۆ دوای ڕووخـانی ڕژێمـی پێشوو کاتێك ( أبو مصعب الزرقاوی) لە دوای 2003 کۆمەڵەی ( توحید و جیهاد) ی دامەزراند، زرقاوی لـە 2004 بەیعـەتی بە (اسامە بن لادن )دا، و خۆی وەکو نوێنەری ئەو ڕێکخراوە ناساندو ناوی ڕێکخراوەکەی گۆری بـۆ ( ڕێکخسـتنی قاعیـدەی جیهاد لە وڵاتی رافیدەین)، دواتر لـە 2006 زرقـاوی و 6 ڕێکخـراوی ئیسـلامی دیکـە ( ئەنجومـەنی شـورای موجاهیـدان لـە عێراق) یان دامەزراند دواتر لە 15ی تشرینی دووەمـی 2006 ئەنجومـەنی شـورای موجاهیـدانیان هەڵوەشـاندەوە هـەر لـە

( 1) کامەران عەزیز، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی نادڵنیایدا، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، 2015، ل.186.

(2 ) بروانە یاسای ژمارە(2) ی ساڵی 2022، یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان-عێراق

( 3) بارزان جەوهەر،هەرەشەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان- عێراق، چاپی یەکەم، 2023، ل.41.

( 4) کارزان احمد،سەرچاوەی پێشوو، ل.72.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

هەمان مانگ وساڵدا 18 گروپ و ڕێکخراوی بارگاوی بە فکری قاعیدەو زرقاوی ( دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراقیان ) ڕاگەیاند و لە ساڵی 2010 ( أبوبكر البغدادي ) بووە ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق. (1)

داعش لە 29ی حوزەیرانی 2014 جاری خەلافەتی دا ناوی بەغدادی وەکو خەلیفە ئاشکرا کرا، لە ڕێگەی پەیامێکی دەنگیەوە وتەبێژی ڕێکخراوەکە پەیامەکەی خوێندەوە و هەموو جیهان سەرسامی خۆیان راگەیاند بەو بەیانە چونکە دوای نزیکەی نۆ دەیە لە هەڵوەشانەوەی خەلافەتی عوسمانی جارێکی تر خەلافەت زیندوو کرایەوە. (2)

هەرێمی کوردستان لە پێش داعش و دوای داعشیش هێرشی تیرۆرستی بەخۆیەوە بینیوە بەڵام هیچیان وەك داعش کاریگەریان لەسەری نەبووە، ئەم ڕێکخراوە تیرۆرستیە بووە هۆی گۆڕینی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە و داعش توانی چەندین ناوچە لە سنوری نێوان عێراق و سوریا داگیر بکات کە ئەمەش بووە هۆی مەترسی لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان. (3)

پێنجەم:ئۆپەراسیۆنەکانی وڵاتانی دراوسێ لەناو خاکی هەرێمی کوردستان: لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن هەڕەشەو مەترسیە سەربازیە ناوخۆیی و دەرەکیەکان مەترسیدارترین هەڕەشەی سەر ئاسایشن پێویستە دەوڵەت تەواوی توانای خۆی بەکاربێنێت بۆ بەرپەرچدانەوەیان و تەواوی سنوری خۆی بپارێزێت چونکە ئامانجی باڵا بۆ هەر دەوڵەتێك بەردەوامی و مانەوەیە، هەرێمی کوردستان ڕووبەروی هەڕەشەی سەربازی بووەتەوە لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە بەتایبەت ئێران و تورکیا هەریەکەیان بە بیانوی جیاجیا و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان چەندین جار سنورو خاکی هەرێمیان بەزاندووە.

تورکیا لەساڵی 1983 ڕێکەوتنێکی ئەمنی لەگەڵ عێراق واژووکرد ئامانجی ڕێککەوتنەکە لەوکاتەدا بریتیبوو لە پاراستنی سنور و راگرتنی چالاکی جولانەوە کوردیەکانی باشورو باکور، هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی دەتوانن لە کاتی پێویست 10 کیلۆمەتر بچنە خاکی یەکتریەوە، دواتر ڕێککەوتنەکە فراوانتر کراو ناوی لێنرا( هاریکاری ئاسایش )، و ڕێگە بەتورکیا دەدرا بەقوڵایی 30 کیلۆمەتر بێتە ناو خاکی عێراقەوە، تورکیا لە 1983 ەوە تاکو ئێستا بەردەوامە لە هێرش و ئۆپەراسیۆنەکانی بۆ سەر تاوچە سنوریەکانی هەرێمی کوردستان بە پاساوی پاراستنی سنورو ئاسایشی نیشتمانی و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی پەکەکە لەسەر تورکیا. (4)

سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەویش بە هەمان شێوە تۆپباران و بۆردومانی ناوچە سنوریەکان دەکات، ئێران تۆپبارانی ناوچەکانی حاجی ئۆمەران و دەوروبەری قەندیل دەکات، وسوپای پاسداران زیاتر لە 10 کیلۆمەتر لە زنجیرە چیاکانی قەندیل هاتونەتە پێش و بنکەی سەربازیان دامەزراندووە. (5)

## بەشی چوارەم

## لایەنی مەیدانی توێژینەوە

### باسی یەکەم

### ڕادەی جێگیریی توێژینەوە

لە ڕادەی جێگیریی توێژینەوە، ڕێگایەکی تر بەکارهێنانی هاوکێشەی(الفا کرونباخ)، کە بەهاکەی پێوستە گەورەتر یا یەکسان بێت بە(0.6)، بۆ زانین و دڵنیابوون لە ڕادەی جێگیریی بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر هاوکێشەی(الفا

( 1) سەروەر حمە ئەحمەد، پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی جیهانیدا: لێکۆلینەوەیەك لە دەرفەت و ئاڵنگاریەکان،تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان ،زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، تشرینی یەکەمی 2023، ل. ل. 213-212.

( 2) هێرش فاضل نامق، کاریگەریەکانی هێرشی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر بواری سەربازی لە هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان ، زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر،تشرینی یەکەم ی 2017، ل.24.

( 3) راوێژ فریق عبداللە، کوردستان لەبەردەم هەرەشەی تیرۆردا، چاپخانەی سکای دیزاین، 2017، ل.45.

( 4) راوێژ فریق، هەمان سەرچاوە،ل. 47.

( 5) صالح عمر، پەروێز رحیم، سەرچاوەی پێشوو،ل.357.

کرونباخ)ی بەکارهێناوە، لەم توێژینەوەیەشدا بەهاکەی بۆ بڕگەکانی تەوەرەی سیاسی و سەربازی بریتیە لە (0.873) کە ئەمە بەهایەکی بەرزی ڕادەی جێگیری بۆ ئەنجامی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی پیشان دەدات.

خستەی ژمارە 1 جیگیری بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی بە بەکارهێنانی پێوەری الفا- کرونباخ

| ژ | تەوەرەکان | ژ.پرسیارەکان | پێوەری الفا کرونباخ | ڕادەی جێگیری |
|---|---|---|---|---|
| 1 | تەوەری سیاسی و سەربازی | 24 | 0.873 | جیگیرە |

تەوەری یەکەم:شیکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی و خستنەڕووی زانیارییەکانی توێژینەوە

تەوەرەی یەکەم:ئاماریی وەسفی: لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بەمەبەستی وردبوونەوە سامپلێکی هەرەمەکی لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان وەرگرتووە ، کە بە شێوەی( فۆرمی گۆڕەپانی )، زانیارییە بەدەستهاتووەکانی ناو فۆرمەکە لە چەندین خشتە پێکهاتوون، لە خوارەوە زانیارییەکان لە شێوەی خشتەبەند پۆلێن و ڕێکخراون ڕوون کراونەتەوە.

یەکەم: خستنەرووی تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکە

تایبەتمەندی سامپلی توێژینەوە بە گوێرەی تەمەن

خشتەی 2 تەمەنی تاکەکان لە سامپلی توێژینەوە دیاری دەکات

| تەمەن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەیی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| 19-26 ساڵ | 48 | 9.6 | چوارەم |
| 27-34 ساڵ | 133 | 26.5 | دووەم |
| 35-42 ساڵ | 221 | 44.1 | یەکەم |
| سەروی 43 ساڵ | 99 | 19.8 | سێ یەم |
| کۆی گشتی | 501 | 100.0 | |

خشتەی 2 تەمەن لە سامپلی توێژینەوە دیاریدەکات ، کە تێدا تەمەنەکانی نێوان 35-42 ساڵ بە زۆرترین ڕێژە لە پلەی یەکەم دێن بە ڕێژەی (44.1٪) سامپلی توێژینەوە ، تەمەنەکانی نێوان 27-34 ساڵ لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (26.5٪) ، لە پلەی سێ یەم تەمەنەکانی سەروی 43 ساڵ دێت بە ڕێژەی (19.8٪) ، لە پلەی چوارەم ئەاونەن کە تەمەنیان لە نێوان19-26 ساڵ بە کەمترین ڕێژە کە بریتیە لە (9.6٪).

تایبەتمەندی سامپلی توێژینەوە بە گوێرەی رەگەز

خشتەی 3 رەگەزی تاکەکان لە سامپلی توێژینەوە دیاری دەکات

| رەگەز | دووبارەبوونەوە | ڕێژەیی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| نێر | 338 | 67.5 | یەکەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مێ | 163 | 32.5 | دووەم |
| کۆی گشتی | 501 | ٪100 | |

خشتەی ژمارە 3 کە تایبەتە بە ڕوونکردنەوەی ڕەگەز لە سامپلی توێژینەوە ، کە تێدا ڕەگەزی نێر هەرە زۆرتینە لە پلەی یەکەم بە ڕێژەی (٪67.5) ، ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (٪32.5) ی سامپلی توێژینەوە لە پلەی دووەمدایە .

تایبەتمەندی سامپلی توێژینەوە بە گوێرەی شوێنی نیشتەجێبونی (پارێزگای) تاکەکان

خشتەی4شوێنی نیشتەجێبونی تاکەکان لەسامپلی توێژینەوەدیاری دەکات

| شوێنی نیشتەجێبون(پارێزگا) | دووبارەبوونەوە | ڕێژەیی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 200 | 39.9 | یەکەم |
| دهۆک | 94 | 18.8 | سێ یەم |
| سلێمانی | 158 | 31.5 | دووەم |
| هەلەبجە | 49 | 9.8 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 501 | ٪100 | |

خشتەی ژمارە 4 کە تێدا شوێنی نیشتەجێبونی تاکەکان نیشاندەدات ، کە تێدا شوێنی نیشتەجێبونی تاکەکان لە پارێزگای هەولێر لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (٪39.9) ، لە پلەی دووەم  بە ڕێژەی (٪31.5) ی سامپلی توێژینەوە شوێنی نیشتەجێبونی تاکەکان لە پارێزگای  سلێمانیە ، لە پلەی سێ یەم شوێنی نیشتەجێبونی تاکەکان لە پارێزگای  دهۆکە بە ڕێژەی (٪18.8) ، لە پلەی چوارەم شوێنی نیشتەجێبونی تاکەکان لە پارێزگای هەلەبجەیە بە ڕێژەی (٪9.8).

تایبەتمەندی سامپلی توێژینەوە بە گوێرەی ئاستی خوێندن

خشتەی 5  ئاستی خوێندنی تاکەکان لە سامپلی توێژینەوە دیاری دەکات

| ئاستی خوێندن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەیی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ئامادەیی | 21 | 4.2 | پێنجەم |
| دبلۆم | 55 | 11.0 | سێ یەم |
| بکالۆریۆس | 239 | 47.7 | یەکەم |
| ماستەر | 135 | 26.9 | دووەم |
| دکتۆرا | 51 | 10.2 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 501 | ٪100 | |

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

خشتەی ژمارە 5 کە تایبەتە بە ڕوونکردنەوەی ئاستی خوێندنی تاکەکانی توێژینەوە، کە تێدا ئاستی بکالۆریۆس لە پلەی

خشتەی 7 دووبارەبوونەوە و ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی و ڕێژەیی لەگەڵبوون بۆ تەوەری سیاسی و سەربازی

یەکەم دێت بە ڕێژەی (47.7٪) ، لە پلەی دووەم ئاستی خوێندنی ماستەر دێت بە ڕێژەی (26.9٪) ی سامپلی توێژینەوە ، لە

خشتەی 6 نەتەوەی تاکەکان لە سامپلی توێژینەوە دیاری دەکات

| نەتەوە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەیی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| کورد | 481 | 96.0 | یەکەم |
| عرب | 2 | 0.4 | چوارەم |
| تورکمان | 13 | 2.6 | دووەم |
| کلدۆ ئاشور | 5 | 1.0 | سێ یەم |
| کۆی گشتی | 501 | ٪100 | |

پلەی سێ یەم ئاستی خوێندنی دبلۆم دێت بە ڕێژەی (11٪) ، لە پلەی چوارەم ئاستی خوێندنی دکتۆرا دێت بە ڕێژەی (10.2٪) ، لە پلەی پێنجەم ئاستی خوێندنی ئامادەیی دێت بە (4.2٪) لەم خشتەیە بۆمان ڕوندەبێتەوە کە ئاستەکانی بەکالۆریۆس و ماستەر ڕێژەی زیاتر لە( 74 ٪ ) ی سامپلی توێژینەوە پێکدێنن ئەمەش ئاست بەرزی خوێندنی تاکەکانی توێژینەوە

تایبەتمەندی سامپلی توێژینەوە بە گوێرەی باری کۆمەلایەتی

خشتەی ژمارە 6 کە تایبەتە بە نیشاندانی نەتەوەی تاکەکانی توێژینەوە ، کە تێدا نیشاندراوە زۆربەی ڕێژەی تاکەکانی سامپلی توێژینەوە لە نەتەوەی کوردن بە ڕێژەی (96٪) لە پلەی یەکەمن ، لە پلەی دووەم نەتەوەیان تورکمانن بە ڕێژەی (2.6٪) ی سامپلی توێژینەوە ، لە پلەی سێ یەم نەتەوەیان کلدۆ ئاشور بە ڕێژەی (1٪) ، لە پلەی چوارەم نەتەوەیان عەرەبن بە ڕێژەی (0.4٪) .

باسی دووەم : خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ تەوەرەی سیاسی و سەربازی

ئەم ڕەگەزانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

| بڕگە | پرسیارەکان | زۆر کەم | | کەم | | مامناوەند | | زۆر | | یەکجارزۆر | | ناوەندی | لادانی پێوانەیی | ئاستی گۆرانکاری(cv) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارەبوونەوە | % | دووبارەبوونەوە | % | دووبارەبوونەوە | % | دووبارەبوونەوە | % | دووبارەبوونەوە | % | | | |
| | ململانێی و ناكۆكی سیاسی حزبەدەسەڵاتدارەكان كاریگەري لەسەر دوو ئیدارەیی لە هەرێمی كوردستان | 3 | 0.6 | 8 | 1.6 | 45 | 9.0 | 137 | 27.3 | 308 | 61.5 | 4.48 | .773 | 17.25 |
| x 1 | كاریگەري ململانێی و ناكۆكی سیاسی ئیسلامیەكان لەسەر دوو ئیدارەیی لە هەرێمی كوردستان | 74 | 14.8 | 123 | 24.6 | 169 | 33.7 | 84 | 16.8 | 51 | 10.2 | 2.83 | 1.177 | 41.59 |
| | كاریگەري ململانێی و ناكۆكی سیاسی حزبە ئۆپۆزسیۆنە سكۆلاریستەكان لەسەر دوو ئیدارەیی لە هەرێمی كوردستان | 52 | 10.4 | 105 | 21.0 | 166 | 33.1 | 101 | 20.2 | 77 | 15.4 | 3.09 | 1.198 | 38.77 |
| | حزبەدەسەڵاتدارەكان كاریگەری ئەرێنیان لەسەرباشتركردنی پەیوەندیەكانی هەرێمی كوردستان و حكومەتی ئیتحادی هەیە | 66 | 13.2 | 76 | 15.2 | 135 | 26.9 | 113 | 22.6 | 111 | 22.2 | 3.25 | 1.315 | 40.46 |
| X 2 | حزبە ئیسلامیەكان كاریگەری ئەرێنیان لەسەرباشتركردنی پەیوەندیەكانی هەرێمی كوردستان و حكومەتی ئیتحادی هەیە | 63 | 12.6 | 144 | 28.7 | 189 | 37.7 | 66 | 13.2 | 39 | 7.8 | 2.75 | 1.083 | 39.38 |
| | حزبە ئۆپۆزسیۆنە سكۆلاریستەكان كاریگەری ئەرێنیان لەسەرباشتركردنی پەیوەندیەكانی هەرێمی كوردستان و حكومەتی | 88 | 17.6 | 125 | 25.0 | 172 | 34.3 | 76 | 15.2 | 40 | 8.0 | 2.71 | 1.158 | 42.73 |

Zanco Journal of Law and Politics
Vol(24), No(42), 2026

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | | | ئیتحادی هەیە | |
| 28.45 | 1.138 | 4.0<br>0 | 45.3 | 227 | 25.0 | 12<br>5 | 18.<br>4 | 92 | 7.4 | 37 | 4.0 | 20 | حزبەدەسەڵاتدارەکان ڕێگربونە لە نەبونی دەستور لە هەرێمی کوردستان | |
| 41.84 | 1.226 | 2.9<br>3 | 13.6 | 68 | 16.6 | 83 | 33.<br>9 | 17<br>0 | 21.<br>4 | 10<br>7 | 14.<br>6 | 73 | حزبە ئیسلامیەکان ڕێگربونە لە نەبونی دەستور لە هەرێمی کوردستان | X<br>3 |
| 41.28 | 1.259 | 3.0<br>5 | 18.2 | 91 | 15.2 | 76 | 31.<br>5 | 15<br>8 | 23.<br>4 | 11<br>7 | 11.<br>8 | 59 | حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان ڕێگربونە لە نەبونی دەستور لە هەرێمی کوردستان | |
| 24.52 | 1.003 | 4.0<br>9 | 43.3 | 217 | 31.5 | 15<br>8 | 18.<br>6 | 93 | 4.0 | 20 | 2.6 | 13 | حزبەدەسەڵاتدارەکان کاریگەریان لەسەر روبەروبونەوەی داعش و گروپە تیرۆرستیەکان هەیە. | |
| 40.93 | 1.183 | 2.8<br>9 | 11.4 | 57 | 17.0 | 85 | 35.<br>1 | 17<br>6 | 22.<br>6 | 11<br>3 | 14.<br>0 | 70 | حزبە ئیسلامیەکان کاریگەریان لەسەر روبەروبونەوەی داعش و گروپە تیرۆرستیەکان هەیە. | X<br>4 |
| 43.11 | 1.177 | 2.7<br>3 | 9.4 | 47 | 13.6 | 68 | 35.<br>1 | 17<br>6 | 24.<br>4 | 12<br>2 | 17.<br>6 | 88 | حزبەئۆپۆزسیۆنەسکۆلاریستەکان کاریگەریان لەسەر روبەروبونەوەی داعش و گروپە تیرۆرستیەکان هەیە. | |
| 39.94 | 1.282 | 3.2<br>1 | 21.0 | 105 | 20.2 | 10<br>1 | 29.<br>7 | 14<br>9 | 17.<br>4 | 87 | 11.<br>8 | 59 | حزبەدەسەڵاتدارەکان هەڵوێستی ئەرێنی و کاریگەریان لە بەرامبەر ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا و ئێران لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان هەبوە. | X<br>5 |
| 42.15 | 1.058 | 2.5<br>1 | 5.2 | 26 | 9.6 | 48 | 34.<br>5 | 17<br>3 | 32.<br>5 | 16<br>3 | 18.<br>2 | 91 | حزبە ئیسلامیەکان هەڵوێستی ئەرێنی و کاریگەریان لە بەرامبەر ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا و ئێران لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان هەبوە | |

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 43.80 | 1.095 | 2.50 | 6.0 | 30 | 9.8 | 49 | 32.1 | 161 | 32.5 | 163 | 19.6 | 98 | حزبەئۆپۆزسیۆنەسکۆلاریستەکان هەڵوێستی ئەرێنی و کاریگەریان لە بەرامبەر ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا و ئێران لە ناو خاکی هەرێمی کورستان هەبوە | |
| 23.56 | 1.013 | 4.30 | 58.7 | 294 | 22.8 | 114 | 10.8 | 54 | 5.6 | 28 | 2.2 | 11 | حزبەدەسەڵاتدارەکان تا چەند رێگربوونە لە نەبونی سوپایەکی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان | |
| 46.26 | 1.263 | 2.73 | 11.8 | 59 | 14.8 | 74 | 28.1 | 141 | 25.5 | 128 | 19.8 | 99 | حزبە ئیسلامیەکان تا چەند رێگربوونە لە نەبونی سوپایەکی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان | X6 |
| 46.67 | 1.288 | 2.76 | 13.4 | 67 | 14.6 | 73 | 25.5 | 128 | 27.5 | 138 | 19.0 | 95 | حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان تا چەند رێگربوونە لە نەبونی سوپایەکی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان | |
| 25.75 | 1.066 | 4.14 | 50.5 | 253 | 24.8 | 124 | 15.4 | 77 | 7.0 | 35 | 2.4 | 12 | حزبەدەسەڵاتدارەکان کاریگەری نەرێنیان (نێگەتیف) لەسەر بڵاوبونەوەی دیاردەی چەکداری خەڵکی مەدەنی هەیە | |
| 44.16 | 1.179 | 2.67 | 8.6 | 43 | 13.2 | 66 | 33.9 | 170 | 25.0 | 125 | 19.4 | 97 | حزبە ئیسلامیەکان کاریگەری نەرێنیان (نێگەتیف) لەسەر بڵاوبونەوەی دیاردەی چەکداری خەڵکی مەدەنی هەیە | X7 |
| 44.72 | 1.203 | 2.69 | 10.2 | 51 | 12.2 | 61 | 32.9 | 165 | 25.9 | 130 | 18.8 | 94 | حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان کاریگەری نەرێنیان (نێگەتیف) لەسەر بڵاوبونەوەی دیاردەی چەکداری خەڵکی مەدەنی هەیە | |
| 19.95 | .876 | 4.39 | 59.7 | 299 | 24.4 | 122 | 12.6 | 63 | 2.2 | 11 | 1.2 | 6 | حزبەدەسەڵاتدارەکان کاریگەریان لەسەر یەکنەگرتنی دام و دەزگائەمنیەکان لە | X8 |

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەرێمی کوردستان هەیە | | | | | | | | | | | | | |
| | حزبەدەسەڵاتدارەکان کاریگەریان لەسەر یەکنەگرتنی دام و دەزگائەمنیەکان لە هەرێمی کوردستان هەیە | 100 | 20.0 | 110 | 22.0 | 152 | 30.3 | 76 | 15.2 | 63 | 12.6 | 2.78 | 1.276 | 45.90 |
| | حزبەدەسەڵاتدارەکان کاریگەریان لەسەر یەکنەگرتنی دام و دەزگائەمنیەکان لە هەرێمی کوردستان هەیە | 84 | 16.8 | 116 | 23.2 | 150 | 29.9 | 70 | 14.0 | 81 | 16.2 | 2.90 | 1.297 | 44.72 |
| کۆی گشتی | | 2222 | 18.48 | 2286 | 19.01 | 3255 | 27.07 | 2043 | 16.99 | 2218 | 18.44 | 2.98 | 1.355 | 45.49 |

لە خشتەی ژمارە 7 کە تایبەتە بە دووبارەبوونەوە، ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێری ، لادانی پێوانەیی و ئاستی گۆڕانکاری بۆ تەوەری سیاسی و سەربازی ، لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لە کۆی گشتی کە زۆرترین دووبارە بریتیە لە هاورابونی مامناوەند بە 3255 دووبارە بە ڕێژەی سەدی 27.07٪ و کەمترین دووبارە بریتیە لە زۆر هاورابون بە 2043 دووبارە بە ڕێژەی سەدی 16.99٪، تێکڕای ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (2.98 )، لادانی پێوانەیی 1.355.

لە بڕگەی(X1)کە تایبەتە بە (ململانێ و ناکۆکی سیاسی حزبەکان کاریگەریان لەسەر دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان) تێدا دەردەکەوێت کە زۆرترین ڕێژە (زۆر ، یەکجار زۆر) هاورابون بریتیە لە یەکجار زۆر هاوران بۆ بڕگەی حزبەدەسەڵاتدارەکان بە ڕێژەی 61.5٪ بە 308 دووبارە بە ناوەندە ژمێرەیی 4.48 و لادانی پێوانەیی 0.773 و نرخی ئاستی گۆڕانکاری 17.25 ، و زۆرترین ڕێژەی ( کەم ، زۆرکەم )هاورا بون بریتیە لە کەم هاورابون لە گەل بڕگەی حزبە ئیسلامیەکان بە ناوەندە ژمێرەیی 2.83و لادانی پێوانەیی 1.177 و نرخی ئاستی گۆڕانکاری 41.59 ، لە ئەنجام بۆمان دەردەکەوێت کە کەمترین ئاستی گۆڕانکاری لە وەڵامەکان بۆ حزبی دەسەلاتە بە 17.25 و زۆرترین ئاستی گۆڕانکاری بۆ حزبە ئیسلامیەکانە بە 41.59 .

لە بڕگەی(X2)کە تایبەتە بە (کاریگەری ئیجابی حزبەکان لەسەرباشترکردنی پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا) تێدا دەردەکەوێت کە زۆرترین ڕێژە (زۆر ، یەکجار زۆر) هاورابون بریتیە لە زۆر هاوران بۆ بڕگەی حزبەدەسەڵاتدارەکان بە ڕێژەی 22.6٪ بە 113 دووبارە بە ناوەندە ژمێرەیی 3.25 و لادانی پێوانەیی 1.315 و نرخی ئاستی گۆڕانکاری 40.46 ، و زۆرترین ڕێژەی ( کەم ، زۆرکەم )هاورا بون بریتیە لە کەم هاورابون لە گەل بڕگەی حزبە ئیسلامیەکان بە 144 دوبارە بە ڕێژەی 28.7 وناوەندە ژمێرەیی 2.75و لادانی پێوانەیی 1.083 و نرخی ئاستی گۆڕانکاری 39.38 ، لە ئەنجام بۆمان دەردەکەوێت کە کەمترین ئاستی گۆڕانکاری لە وەڵامەکان بۆ حزبە ئیسلامیەکانە بە 38.39و زۆرترین ئاستی گۆڕانکاری بۆ حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریتەکانە بە ئاستی گۆرانکاری 42.73 .

لە بڕگەی(X3)کە تایبەتە بە (ڕێگربونی حزبەکان لە نەبونی دەستور لە هەرێمی کوردستان) تێدا دەردەکەوێت کە زۆرترین ڕێژە (زۆر ، یەکجار زۆر) هاورابون بریتیە لە یەکجار زۆر هاوران بۆ بڕگەی حزبەدەسەڵاتدارەکان بە ڕێژەی 45.3٪ بە 227 دووبارە بە ناوەندە ژمێرەیی 4.0 لادانی پێوانەیی 1.138 و نرخی ئاستی گۆڕانکاری 28.45، و زۆرترین ڕێژەی ( کەم ، زۆرکەم )هاورا بون بریتیە لە کەم هاورابون لە گەل بڕگەی حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریتەکانە بە 117 دووبارە و ڕێژەی

**23.4٪ له سامپلی تـوێژینەوە به ناوەنـدە ژمێرەیـی 3.05و لادانـی پێـوانەیی 1.259 و نرخـی ئاسـتی گۆڕانکـاری 41.28 ، له ئەنجام بۆمان دەردەکەوێت که کەمترین ئاستی گۆڕانکـاری له وەڵامەکـان بـۆ حـزبە دەسـەلاتدارەکانه به ڕێـژەی 28.45و زۆرترین ئاستی گۆڕانکاری بۆ حزبه ئیسلامیەکانه به ئاستی گۆڕانکاری 41.84.**

**له بڕگەی(X5)که تايبەته به (هەڵوێستی ئیجابی و کاریگەري حزبەکان له بەرامبەر ئۆپەراسیۆنەکـانی تورکیـا و ئێـران لـه نـاو خـاکی هـەرێمـی کوردسـتان) تێـدا دەردەکەوێـت که زۆرتـرین ڕێـژە (زۆر ، یەکجـار زۆر) هـاورابون بـریتیه لەیەکجـارزۆر هاورابوون بۆ برگەی حزبەدەسەڵاتدارەکان به ڕێژەی 21.0٪ به 105 دووباره به ناوەنـدە ژمێرەیـی 3.21 و لادانـی پێـوانەیی 1.282و نرخی ئاستی گۆڕانکاری 39.94، و زۆرترین ڕێـژەی ( کەم ، زۆرکەم )هـاورا بـون بـریتیه له کەم هـاورابون له گەل هەودوو برگەی حزبه ئیسلامیەکان و حزبه ئۆپۆزسیۆنه سکۆلاریتەکانه به ڕێژەی 32.5٪ به 163 دووباره ، له ئەنجام بۆمان دەردەکەوێت که کەمترین ئاستی گۆڕانکاری له وەڵامەکان بۆ حزبـی دەسـەلاته به 39.94 و زۆرتـرین ئاسـتی گۆڕانکـاری بـۆ حزبه ئۆپۆزسیۆنه سکۆلاریتەکانه به ئاستی گۆرانکاری 43.8 .**

**به هەمان شێوە دەتوانین ڕێژەی سەدی هاورا بون و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ئاستی گۆرانکاری بۆ برگەکـانی تریش بخرێته روو هەر وەک له خشتەی 7 نیشاندراوە .x1**

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

**تاقیکردنەوەی گریمانەکان بۆبرگەکانی تەوەرە سەرەکیەکانی توێژینەوە**

**آ- تاقیکردنەوەی گریمانە بۆکاریگەریی ( بەهاداری) برگەکانی تەوەری سیاسی و سەربازی**

**خشتەی ژمارە 8**

**T-test بۆ برگەکانی تەوەری سیاسی و سەربازی**

| برگە | پرسیارەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی گرنگی Relative Importance | T-test | Sig | بەهاداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| x1 | ململانێ و ناکۆکی سیاسی حزبەدەسەڵاتدارەکان کاریگەري لەسەر دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان | 4.48 | .773 | 89.6 | 42.699 | .000 | بەهادارە |
| | کاریگەري ململانێ و ناکۆکی سیاسی ئیسلامیەکان لەسەر دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان | 2.83 | 1.177 | 56.6 | -3.227 | .001 | بەهادارە |
| | کاریگەري ململانێ و ناکۆکی سیاسی حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان لەسەر دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان | 3.09 | 1.198 | 61.8 | 1.715 | .087 | بەهادارنیە |
| X2 | حزبەدەسەڵاتدارەکان کاریگەری ئەرێنیان لەسەرباشترکردنی پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتحادی هەیە | 3.25 | 1.315 | 65.0 | 4.314 | .000 | بەهادارە |
| | حزبە ئیسلامیەکان کاریگەری ئەرێنیان لەسەرباشترکردنی پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتحادی هەیە | 2.75 | 1.083 | 55.0 | -5.198 | .000 | بەهادارە |
| | حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان کاریگەری ئەرێنیان لەسەرباشترکردنی پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتحادی هەیە | 2.71 | 1.158 | 54.2 | -5.592 | .000 | بەهادارە |
| X3 | حزبەدەسەڵاتدارەکان ڕێگربونە لە نەبونی دەستور لە هەرێمی کوردستان | 4.00 | 1.138 | 80.0 | 19.716 | .000 | بەهادارە |
| | حزبە ئیسلامیەکان ڕێگربونە لە نەبونی دەستور لە هەرێمی کوردستان | 2.93 | 1.226 | 58.6 | -1.239 | .216 | بەهادارنیە |
| | حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان ڕێگربونە لە نەبونی دەستور لە هەرێمی کوردستان | 3.05 | 1.259 | 61.0 | .816 | .415 | بەهادارنیە |
| X4 | حزبەدەسەڵاتدارەکان کاریگەریان لەسەر ڕوبەڕوبونەوەی داعش و گروپە تیرۆرستیەکان هەیە. | 4.09 | 1.003 | 81.8 | 24.322 | .000 | بەهادارە |
| | حزبە ئیسلامیەکان کاریگەریان لەسەر ڕوبەڕوبونەوەی داعش و گروپە تیرۆرستیەکان هەیە. | 2.89 | 1.183 | 57.8 | -2.039 | .042 | بەهادارە |
| | حزبەئۆپۆزسیۆنەسکۆلاریستەکان کاریگەریان لەسەر ڕوبەڕوبونەوەی داعش و گروپە تیرۆرستیەکان هەیە. | 2.73 | 1.177 | 54.6 | -5.161 | .000 | بەهادارە |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| X5 | حزبەدەسەڵاتدارەکان هەڵوێستی ئەرێنی و کاریگەریان لە بەرامبەر ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا و ئێران لە ناو خاکی هەرێمی کورستان هەبوە. | 3.21 | 1.282 | 64.2 | 3.694 | .000 | بەهادارە |
| | حزبە ئیسلامیەکان هەڵوێستی ئەرێنی و کاریگەریان لە بەرامبەر ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا و ئێران لە ناو خاکی هەرێمی کورستان هەبوە | 2.51 | 1.058 | 50.2 | -10.350 | .000 | بەهادارە |
| | حزبەئۆپۆزسیۆنەسکۆلاریستەکان هەڵوێستی ئەرێنی و کاریگەریان لە بەرامبەر ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا و ئێران لە ناو خاکی هەرێمی کورستان هەبوە | 2.50 | 1.095 | 50.0 | -10.202 | .000 | بەهادارە |
| X6 | حزبەدەسەڵاتدارەکان تا چەند رێگربوونە لە نەبونی سوپایەکی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان | 4.30 | 1.013 | 86.0 | 28.744 | .000 | بەهادارە |
| | حزبە ئیسلامیەکان تا چەند رێگربوونە لە نەبونی سوپایەکی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان | 2.73 | 1.263 | 54.6 | -4.738 | .000 | بەهادارە |
| | حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان تا چەند رێگربوونە لە نەبونی سوپایەکی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان | 2.76 | 1.288 | 55.2 | -4.196 | .000 | بەهادارە |
| X7 | حزبەدەسەڵاتدارەکان کاریگەری نەرێنیان (نێگەتیڤ) لەسەر بڵاوبونەوەی دیاردەی چەکداری خەڵکی مەدەنی هەیە | 4.14 | 1.066 | 82.8 | 23.930 | .000 | بەهادارە |
| | حزبە ئیسلامیەکان کاریگەری نەرێنیان (نێگەتیڤ) لەسەر بڵاوبونەوەی دیاردەی چەکداری خەڵکی مەدەنی هەیە | 2.67 | 1.179 | 53.4 | -6.327 | .000 | بەهادارە |
| | حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان کاریگەری نەرێنیان (نێگەتیڤ) لەسەر بڵاوبونەوەی دیاردەی چەکداری خەڵکی مەدەنی هەیە | 2.69 | 1.203 | 53.8 | -5.759 | .000 | بەهادارە |
| X8 | حزبەدەسەڵاتدارەکان کاریگەریان لەسەر یەکنەگرتنی دامو دەزگائەمنیەکان لە هەرێمی کوردستان هەیە | 4.39 | .876 | 87.8 | 35.565 | .000 | بەهادارە |
| | حزبە ئیسلامیەکان کاریگەریان لەسەر یەکنەگرتنی دام و دەزگائەمنیەکان لە هەرێمی کوردستان هەیە | 2.78 | 1.276 | 55.6 | -3.780 | .000 | بەهادارە |
| | حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان کاریگەریان لەسەر یەکنەگرتنی دام و دەزگائەمنیەکان لە هەرێمی کوردستان هەیە | 2.90 | 1.297 | 58.0 | -1.792 | .074 | بەهادارنیە |
| | | | | | | | |

بەهای(T) خشتەکراو =1.965 ئاستی بەهاداری= 0.05 نمرەی ئازادی=500

بەگوێرەی خشتەی 8 کە لە سەرەوە دیارە بریتییە لە دیاریکردنی بەهاداری و رێژەی گرنگی :

بەراوردی نێوان ناوەندە ژمێرەیی(x1) کە تایبەتە بە (ململانێ و ناکۆکی حزبە سیاسیەکان کاریگەری لەسەر دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان) بۆ حزبە دەسەلاتدارەکان یەکسانە بە(4.48)، بۆ حزبە ئیسلامیەکان یەکسانە بە (2.83) ، بۆ حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان یەکسانە بە (3.09) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەی گریمانەیی کە یەکسانە بە(3) دەرکەوتووە کە ئەنجامی هەژماردراوی (T. Test)، بۆحزبەدەسەڵاتدارەکان یەکسانە بە(42.699)، بۆ حزبە ئیسلامیەکان یەکسانە بە (3.227-

)، بۆ حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان یەکسانە بە (1.715) ، دەرکەوتووە کە جیاوازی بەهاداری ئاماریی هەیە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەم گۆڕاوە بۆ (حزبەدەسەڵاتدارەکان ، حزبە ئیسلامیەکان) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی بە هۆی ئەوەی نرخی روتی بەهای(T. Test) گەورەترە لە بەهایی خشتەیی(T. Table) بۆ نمرەی ئازادی(500) وە ئەلفای=(0.05) کە یەکسانە بە(1.965). کەواتە لەم برگەی (x1) (حزبەدەسەڵاتدارەکان ، حزبە ئیسلامیەکان) ململانێ و ناکۆکی حزبە سیاسیەکان کاریگەری لەسەر دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان) (بەهادارن) و لە پلەی یەکەم حزبەدەسەڵاتدارەکان چونکە نرخی رێژەی گرنگی 89.6٪ لە پلەی دووەم حزبە ئیسلامیەکان دێن بە رێژەی گرینگی 56.6٪ ، بەڵام دەرکەوتووە کە جیاوازی بەهاداری ئامارپی نیە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەم گۆڕاوە بۆ (حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان ) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی بە هۆی ئەوەی نرخی روتی بەهای(T. Test) بچوکترە لە بەهایی خشتەیی(T. Table) حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان کاریگەر نیە .

بەراوردی نێوان ناوەندە ژمێرەیی(x2) کە تایبەتە بە (کاریگەری ئیجابي حزبەکان لەسەرباشترکردنی پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا) بۆ حزبە دەسەلاتدارەکان یەکسانە بە(3.25)، بۆ حزبە ئیسلامیەکان یەکسانە بە (2.75) ، بۆ حزبە حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان یەکسانە بە (2.71) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەی گریمانەیی کە یەکسانە بە(3) دەرکەوتووە کە ئەنجامی هەژماردراوی (T. Test) ،بۆحزبەدەسەڵاتدارەکان یەکسانە بە (4.314)، بۆ حزبە ئیسلامیەکان یەکسانە بە (5.198-) بۆ حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان یەکسانە بە (5.592-) ، دەرکەوتووە کە جیاوازی بەهاداری ئاماریی هەیە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەم گۆڕاوە بۆ (حزبەدەسەڵاتدارەکان ، حزبە ئیسلامیەکان ، حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی بە هۆی ئەوەی نرخی روتی بەهای (T. Test) گەورەترە لە بەهایی خشتەیی (t0.05،1.965= 500). کەواتە لەم برگەی (x2) (حزبەدەسەڵاتدارەکان ، حزبە ئیسلامیەکان ، حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان) کاریگەری ئیجابیان هەیە لەسەرباشترکردنی پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا (بەهادارن) و لە پلەی یەکەم حزبەدەسەڵاتدارەکان کاریگەرترینە چونکە نرخی رێژەی گرنگی بەرزە یەکسانە بە 65٪ لە پلەی دووەم حزبە ئیسلامیەکان دێن بە رێژەی گرینگی 55٪، لە پلەی سێ یەم حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان دێن بە رێژەی کاریگەری 54.2٪ .

بەراوردی نێوان ناوەندە ژمێرەیی(x3) کە تایبەتە بە (رێگربونی حزبەکان لە نەبونی دەستور لە هەرێمی کوردستان) بۆ حزبە دەسەلاتدارەکان یەکسانە بە(4.00)، بۆ حزبە ئیسلامیەکان یەکسانە بە (2.93) ، بۆ حزبە حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان یەکسانە بە (3.05) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەی گریمانەیی کە یەکسانە بە(3) دەرکەوتووە کە ئەنجامی هەژماردراوی (T. Test) ،بۆحزبەدەسەڵاتدارەکان یەکسانە بە (19.716)، بۆ حزبە ئیسلامیەکان یەکسانە بە (1.239-)، بۆ حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان یەکسانە بە (0.816) ، دەرکەوتووە کە جیاوازی بەهاداری ئاماریی هەیە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەم گۆڕاوە بۆ (حزبەدەسەڵاتدارەکان) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی بە هۆی ئەوەی نرخی روتی بەهای (T. Test) گەورەترە لە بەهایی خشتەیی (t0.05،1.965= 500). کەواتە لەم برگەی (x1) (حزبەدەسەڵاتدارەکان) کاریگەرن (رێگرن لە نەبونی دەستور لە هەرێمی کوردستان)(بەهادارن) بە رێژەی گرینگی 80٪ ، بەڵام دەرکەوتووە کە جیاوازی بەهاداری ئاماریی نیە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەم گۆڕاوە بۆ (حزبە ئیسلامیەکان ،حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان ) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی بە هۆی ئەوەی نرخی روتی بەهای(T. Test) بچوکترە لە بەهایی خشتەیی (T. Table) کەواتە حزبە ئیسلامیەکان حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان کاریگەریان نیە .

بەراوردی نێوان ناوەندە ژمێرەیی(x4) کە تایبەتە بە (کاریگەری حزبەکان لەسەر روبەروبونەوەی داعش و گروپە تیرۆرستیەکان) بۆ حزبە دەسەلاتدارەکان یەکسانە بە(4.09)، بۆ حزبە ئیسلامیەکان یەکسانە بە (2.89) ، بۆ حزبە حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان یەکسانە بە (2.73) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەی گریمانەیی کە یەکسانە بە(3) دەرکەوتووە کە ئەنجامی هەژماردراوی (T. Test) ،بۆحزبەدەسەڵاتدارەکان یەکسانە بە(24.322)، بۆ حزبە ئیسلامیەکان یەکسانە بە (2.039-)، بۆ حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان یەکسانە بە (5.161-) ، دەرکەوتووە کە جیاوازی بەهاداری ئاماریی هەیە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەم گۆڕاوە بۆ (حزبەدەسەڵاتدارەکان، حزبە ئیسلامیەکان ،حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی بە هۆی ئەوەی نرخی روتی بەهای(T. Test) گەورەترە لە بەهایی خشتەیی (t0.05، 500

=1.965). کەواتە لەم بڕگەی (x4) (حزبەدەسەڵاتدارەکان ، حزبە ئیسلامیەکان ،حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان) کاریگەریان هەیە لەسەر ڕوبەڕوبونەوەی داعش و گروپە تیرۆرستیەکان (بەهادارن)لە پلەی یەکەم حزبە دەسەلاتدارەکن دێن بە ڕێژەی گرینگی 81.8٪ ، لە پلەی دووەم حزبە ئیسلامیەکان دێن بە ڕێژەی گرینگی 57.8٪ لە پلەی سێ یەم حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان دێن بە ڕێژەی گرینگی 54.6٪.

بەراوردی نێوان ناوەندە ژمێرەیی(x5) کە تایبەتە بە (هەڵوێستی ئیجابی و کاریگەري حزبەکان لە بەرامبەر ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا و ئێران لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان) بۆ حزبە دەسەلاتدارەکان یەکسانە بە(3.21)، بۆ حزبە ئیسلامیەکان یەکسانە بە (2.51) ، بۆ حزبە حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان یەکسانە بە (2.50) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەی گریمانەیی کە یەکسانە بە(3) دەرکەوتووە کە ئەنجامی هەژماردراوی (T. Test) ،بۆحزبەدەسەڵاتدارەکان یەکسانە بە(3.694)، بۆ حزبە ئیسلامیەکان یەکسانە بە (-10.35)، بۆ حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان یەکسانە بە (-10.202) ، دەرکەوتووە کە جیاوازی بەهاداری ئاماریی هەیە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەم گۆڕاوە بۆ (حزبەدەسەڵاتدارەکان، حزبە ئیسلامیەکان ،حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی بە هۆی ئەوەی نرخی روتی بەهای(T. Test) گەورەترە لە بەهایی خشتەیی (1.965،t0.05 =500). کەواتە لەم بڕگەی (x5) (حزبەدەسەڵاتدارەکان ، حزبە ئیسلامیەکان ،حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان) هەڵوێستی ئیجابی و کاریگەریان هەیە لە بەرامبەر ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا و ئێران لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان (بەهادارن)لە پلەی یەکەم حزبە دەسەلاتدارەکن دێن بە ڕێژەی گرینگی 64.2٪ ، لە پلەی دووەم حزبە ئیسلامیەکان دێن بە ڕێژەی گرینگی 50.2٪ لە پلەی سێ یەم حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان دێن بە ڕێژەی گرینگی 50٪.

بەراوردی نێوان ناوەندە ژمێرەیی(x6) کە تایبەتە بە (حزبەکان کاریگەریان لەسەرهەبوونی هێزی چەکداری لایەنەکانی سیاسی هەبووەو ڕێگربوونە لەوەی سوپایەکی نیشتمانی دابمەزرێت) بۆ حزبە دەسەلاتدارەکان یەکسانە بە(4.30)، بۆ حزبە ئیسلامیەکان یەکسانە بە (2.73) ، بۆ حزبە حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان یەکسانە بە (2.76) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەی گریمانەیی کە یەکسانە بە(3) دەرکەوتووە کە ئەنجامی هەژماردراوی (T. Test) ،بۆحزبەدەسەڵاتدارەکان یەکسانە بە(28.744)، بۆ حزبە ئیسلامیەکان یەکسانە بە (-4.738)، بۆ حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان یەکسانە بە (-4.196) ، دەرکەوتووە کە جیاوازی بەهاداری ئاماریی هەیە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەم گۆڕاوە بۆ (حزبەدەسەڵاتدارەکان، حزبە ئیسلامیەکان ،حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی بە هۆی ئەوەی نرخی روتی بەهای ( T. Test) گەورەترە لە بەهایی خشتەیی (1.965،t0.05 =500). کەواتە لەم بڕگەی (x6) (حزبەدەسەڵاتدارەکان ، حزبە ئیسلامیەکان ،حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان) کاریگەریان لەسەرهەبوونی هێزی چەکداری لایەنەکانی سیاسی هەبووەو ڕێگربوونە لەوەی سوپایەکی نیشتمانی دابمەزرێت (بەهادارن)لە پلەی یەکەم حزبە دەسەلاتدارەکن دێن بە ڕێژەی گرینگی 86.0٪ ، لە پلەی دووەم حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان دێن بە ڕێژەی گرینگی 55.2٪ لە پلەی سێ یەم حزبە ئیسلامیەکان دێن بە ڕێژەی گرینگی 54.6٪.

لە بڕگەی (x7) کە تایبەتە بە بەراوردی نێوان ناوەندە ژمێرەیی (کاریگەری سلبی (نێگەتیڤ)ی حزبەکان لەسەر بڵاوبوونەوەی دیاردەی چەکداری خەڵکی مەدەنی) بۆ حزبە دەسەلاتدارەکان یەکسانە بە(4.14)، بۆ حزبە ئیسلامیەکان یەکسانە بە (2.67) ، بۆ حزبە حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان یەکسانە بە (2.69) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەی گریمانەیی کە یەکسانە بە(3) دەرکەوتووە کە ئەنجامی هەژماردراوی (T. Test) ،بۆحزبەدەسەڵاتدارەکان یەکسانە بە(23.93)، بۆ حزبە ئیسلامیەکان یەکسانە بە (-6.327)، بۆ حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان یەکسانە بە (-5.579) ، دەرکەوتووە کە جیاوازی بەهاداری ئاماریی هەیە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەم گۆڕاوە بۆ (حزبەدەسەڵاتدارەکان، حزبە ئیسلامیەکان ،حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی( واتە ڕەنەکردنەوەی گریمانەی سفری ) بە هۆی ئەوەی نرخی روتی بەهای(T. Test) گەورەترە لە بەهایی خشتەیی(1.965،t0.05 =500). کەواتە لەم بڕگەی (x7) (حزبەدەسەڵاتدارەکان ، حزبە ئیسلامیەکان ،حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان) حزبەکان کاریگەری سلبي (نێگەتیڤ)ی لەسەر بڵاوبونەوەی دیاردەی چەکداری خەڵکی مەدەنی (بەهادارن)لە پلەی یەکەم حزبە دەسەلاتدارەکن دێن بە ڕێژەی گرینگی 82.8٪ ، لە پلەی دووەم

حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان دێن بە ڕێژەی گرینگی 53.8٪ لە پلەی سێ یەم حزبە ئیسلامیەکان دێن بە ڕێژەی گرینگی 53.4٪.

لە بڕگەی (x8) کە تایبەتە بە بەراوردی نێوان ناوەندە ژمێرەیی (کاریگەري حزبەکان لەسەر یەکنەگرتنی دام و دەزگائەمنیەکان لە هەرێمی کوردستان) بۆ حزبە دەسەلاتدارەکان یەکسانە بە(4.39)، بۆ حزبە ئیسلامیەکان یەکسانە بە (2.78) ، بۆ حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان یەکسانە بە (2.90) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەی گریمانەیی کە یەکسانە بە(3) دەرکەوتووە کە ئەنجامی هەژماردراوی (T. Test) ،بۆحزبەدەسەڵاتدارەکان یەکسانە بە(35.565)، بۆ حزبە ئیسلامیەکان یەکسانە بە (3.78-)، بۆ حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان یەکسانە بە (1.792-) ، دەرکەوتووە کە جیاوازی بەهاداری ئاماریی هەیە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەم گۆڕاوە بۆ (حزبەدەسەڵاتدارەکان، حزبە ئیسلامیەکان) لەگەڵ ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی بە هۆی ئەوەی نرخی روتی بەهای(T. Test) گەورەترە لە بەهایی خشتەیی(t0.05،1.965= 500). کەواتە لەم برگەی (x8) (حزبەدەسەڵاتدارەکان ، حزبە ئیسلامیەکان) کاریگەرن لەسەر یەکنەگرتنی دام و دەزگائەمنیەکان لە هەرێمی کوردستان (بەهادارن)لە پلەی یەکەم حزبە دەسەلاتدارەکان دێن بە ڕێژەی گرینگی 87.8٪ ، لە پلەی دووەم حزبە ئیسلامیەکان دێن بە ڕێژەی گرینگی 55.6٪ ، (،حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان) کاریگەری نیە (بەهادارنیە) چونکە نرخی روتی بەهای(T. Test) بچوکترە لە بەهایی خشتەیی (t0.05،1.965= 500).

## دەرئەنجام:

دوای تەواوبونی ڕاپرسی بە شێوەیەکی مەیدانی بە چەند ئەنجامێك گەیشتین:

١-پارتەکانی دەسەڵات کاریگەری نێگەتیڤیان بە ڕێژەی(61.5%) لەسەر ململانێی و ناکۆکی سیاسی و دابەشبوونی حیزبی هەیە، بەلام لە هەمانکاتیشدا دەنگدەرەکان بە ڕێژەیەکی زیاتر لەسەر ئەوە هاورابوون کە حزبە دەسەڵاتدارەکان لە پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی و سکۆلاریستی کاریگەری ئەرێنیان لەسەر باشترکردنی پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتحادی هەبووە.

٢- دەنگدەرەکان زیاتر لەسەر ئەوە هاورا بوون کە پارتەکانی دەسەڵات کاریگەری ئەرێنی زیاتریان لە پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی و سکۆلاریستی لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و گروپە تیرۆرستیەکان هەبووە.

٣-بەرێژەیی (58.7%) ی بەشداربوانی ڕاپرسیەکە پێیان وابوو حزبە دەسەڵاتدارەکان ڕێگربوونە لەوەی هەرێمی کوردستان سوپایەکی نیشتمانی هەبێت، ئەمە لە کاتێکدایە بە ڕێژەی (27.5%) لە بەشداربوان کە کەمترین ڕێژەیە پێیان وایە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان کاریگەری ئەوتۆیان لەسەر دروستنەبوونی سوپایەکی نیشتمانی هەیە.

٤-حزبە دەسەڵاتدارەکان بە ڕێژەی( 50.5%) کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر بڵاوبونەوەی دیاردەی چەکداری لە لای خەڵکی مەدەنی هەبووە، حزبە ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان بەرێژەی (25.9%) کاریگەر نێگەتیڤیان هەبووە لە ئەنجامدا حزبە دەسەڵاتدارەکان زۆرترین کاریگەریان هەبووە، ئۆپۆزسیۆنە سکۆلاریستەکان کەمترین کاریگەریان هەبووە.

٥- زۆرترین ڕێژە هاورابوون کە حزبە دەسەڵاتدارەکان بە ڕێژەی(59.7%) زیاترین ڕۆڵ و حزبە ئیسلامیەکانیش کەمترین ڕۆڵیان لەسەر یەکنەگرتنی دام و دەزگا ئەمنیەکان لە هەرێمی کوردستان هەیە.

٦-لەرووی سیاسیەوە: پێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستان و هەبوونی چەندین دەوڵەتی ناتەباو خاوەن بەرژەوەندی جیاواز لە چواردەوری، ململانێی لە نێوان حزب و لایەنە سیاسیەکانی هەرێم، نەبوونی دەستور و کێشە هەڵپەسێراوەکانی نێوان هەرێم و بەغداد بوونەتە ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم هەرێمی کوردستاندا.

٧-لەرووی سەربازییەوە: لەگەڵ ئەوەی قوتابخانەی کۆپنهاگن هەرەشەو مەترسی تر دیاری دەکات، بەڵام هێشتا هەرەشە سەربازییەکان بە ناوەندی سەرەکی نیگەرانی و مەترسیەکان دادەنرێن، هەرێمی کوردستان بەردەوام کەوتۆتە ژێر هەرەشەی سەربازی گروپە تیرۆرستیەکان و دەوڵەتانی ناوچەیی و هەندێك لە هۆکاری ناوخۆیی لە نەبوونی سوپایەکی

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

یەکگرتووی نیشتمانی و بوونی دیاردەی چەکداری خەڵکی مەدەنی و یەکنەگرتنی دام و دەزگا ئەمنیەکان بوونەتە خاڵی لاواز و هەڕەشە لە ئاسایشی سەربازیی هەرێمی کوردستاندا .

**پێشنیارەکان:**

**١_ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی جدی کار لەسەر ئەوە بکات کە هیچ پارتێکی سیاسی خاوەنی هێزەکانی سەربازی و ئەمنی تایبەت بە خۆیان نەبێت، سوپا و هێزەکانی ئەمنی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت و بە هیچ شێوەیەک لە ناو کاروباری سیاسی دەستێوەردان نەکەن.**

**2-پێشنیارمان بۆ زانکۆکان و دامەزراوە زانستیەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە گرنگی زیاتر بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر هەموو رەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بدەن.**

## لیستی سەرچاوەکان:

**سەرچاوە کوردییەکان:**

**یەکەم:کتێب**

- بورهان محمد امین، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی رۆشنبیر ، سلێمانی -هەولێر.
-شێخ محمد خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،2005.
- هێمن هەورامی، حزبی سیاسی و ستراتیژی رێکخستن، هەولێر، 2024، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.
-بارزان جوهر،متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم ،2021.
-مسعود عبدالخالق، موسوعەی جودی بۆ چەمك و زاراوەکانی سەردەم ، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر،2015 .
- خێلان مام بکر ئاوکەڵەیی، رۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پرۆسەی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازیدا لە باشوری کوردستان، چاپی یەکەم، 2021، چاپخانەی رۆژهەڵات.
- محمد فاتح، حزب و رێکخراوە سیاسیە عێراقیەکان 1910-2010، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی 2012.
-فەیسەڵ سلێمان محمد، پێگەی پارتە سیاسیە ئیسلامیەکانی کوردستانی عێراق لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن(1992-2005)،چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2011.
- مسعود عبدالخالق، ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان ، رەوتیان -ئایدۆلۆژیان- هەڵسەنگاندنیان، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2014.
-ئەحمەد عوبید، شەری ناوخۆی کوردستان زیان و لێکەوتەکانی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریان، هەولێر، 2009.
-بارزان جوهر صادق، هەرەشەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان -عێراق، بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکانی هەرێمی کوردستان ، چاپی یەکەم، 2023.
-راوێژ فریق عبداللە، کوردستان لەبەردەم هەرەشەی تیرۆردا، چاپخانەی سکای دیزاین، 2017.
-کامەران محمد عەزیز، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی نادڵنیایدا ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ،2015.

**دووەم:توێژینەوەی زانستی**

- حسام الدین علی مجید، نەجات عەلی ساڵح، ئاسایشی نەتەوەیی لە روانگەی قوتابخانەی کۆبنهاگن، گۆڤاری زانکۆ بۆ یاساو رامیاری، ژمارە 28، حوزەیرانی 2020.

- پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازیان ، سەنتەری لێکۆلینەوەی ئایندەی ، رانانی ئایندەیی ژمارە(2) ئازاری 2020.

- صالح عمر عیسی، پەروێز رحیم قادر، پرسەکانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی هەرێمی کوردستان -عێراق لە روانگەی باری بۆزان لە دوای ساڵی 2017، گۆڤاری قەڵای زانست ، بەرگی شەشەم ، ژمارە 2 ، بەهاری 2021، گۆڤارێکی وەرزیە لەلایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت.

-بارزان جەوهەر صادق، هەرەشە ناوخۆییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان-عێراق، مجلة الدراراسات السياسية والأمنية، المجلد الثالث، العدد السادس، كانون الأول ،2020،.

-عابد خالد رسول، هەولێرو بەغدا: واقیعێکی تاڵ و ئایندەیەکی نادیار، گۆڤاری ئایندەناسی ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات ،سلێمانی، ژمارە 5 ی کانون یەکەمی 2021.

-ڕۆژگار حەمەد ئەمین عەلی، پەیوەندی فرە حیزبی بە سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان / عێراق، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤).

سێیەم:تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەر

-سەروەر حمە ئەحمەد، پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی جیهانیدا: لێکۆلینەوەیەك لە دەرفەت و ئاڵنگاریەکان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، کۆلێژی زانستەسیاسیەکان، تشرینی یەکەمی 2023.

-مەیسون حویزمحمد، رۆڵی پارتەکانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان- عێراق لە پرۆسەی بەشداری سیاسیدا( هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی خولی سێیەم و چوارەم بە نمونە) ، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە،هەولێر،2021.

- مەرزن جمال حسن، پەرەسەندنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە قۆناغی گواستنەوەی دیموکراسی( هەرێمی کوردستان بە نمونە) نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە) ، هەولێر، 2019.

-کارزان احمد، ئاڵنگاریەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق لە روانگەی قوتابخانەی کۆبنهاگنەوە لە دوای ساڵی 2014، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زانستەرامیاریەکان، نامەی ماستەر،2023.

-هێرش فاضل نامق، کاریگەریەکانی هێرشی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر بواری سەربازی لە هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی یاساو زانستەسیاسیەکان، تشرینی یەکەم ی 2017.

چوارەم:یاساکان

-یاسای ژمارە (2) ی ساڵی (2022) یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان.

پێنجەم:سایتی ئەلیکترۆنی

-هاورێ حەسەن حەمە، قوتابخانەی کۆبنهاگن و سێکتەرەکانی ئاسایش: فراوانکردنی چەمکی ئاسایش، رۆژپرێس.
https://rojpress.wordpress.com/2021-07-31/1-997/

-پارتی دیموکراتی کوردستان، مێژوو و ئەزمونی.بەرواری سەردانیکردن 9-12-2024.
hawal &jmarae=138444&jor=4https://wishe.net/details.aspx

-پوختەیەك دەربارەی پارتی دیموکراتی کوردستان. بەرواری سەردانیکردن 9-12-2024.
https://www.kdp.inf.

-پەیرەوپرۆگرامی یەکگرتوو. https://www.yakgrtw.net،

-https://zaniary.com/blog/5ffab8fd09ba6، بەرواری 17ی 6ی 2020.

-محمد رزگار، جوڵانەوەی نەوەی نوێ، 13-9-2021، https://zaniary.com/blog/613f544d334dc.

- نەوەی نوێ – خەونی دوبارە کردنەوەی سەرکەوتنەکەی 2021، درەو ،3-2-2024.
https://drawmedia.net/page-detail?smart_id=14623.

-زوبێر رسول، کێشە هەناوییەکانی حوکمرانی لە هەرێمی کورستان، ماڵپەری روداو، رۆژێ بڵاوکردنەوە ٢٠-٥-٢٠٢٠، رۆژی سەردانیکردن ٣-٢-٢٠٢٥ :.https://www.rudaw.net/sorani/opinion/200520201.

**شەشەم:پەیرەوپرۆگرام**

**-پرۆگرام و پەیرەوی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆنگرەی چوارده (3-6_11_2022).**

**-رەشنوسی پەیرەوی ناوخۆی کۆمەڵی داگەری کوردستان -عێراق، پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەم 2021.**

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

**اولا:الكتب**

**-جون بليس، ستيف سميث، عولمة السياسة العالمية: الأمن الدولي في حقبة ما بعد حرب الباردة، مركزالخليج للأبحاث ، الطبعة الأولى، دبي، 2004.**

**- هوشنك صابر أحمد، الدبلوماسية و الامن ، الطبعة الأولى، المركز العربي للنشر والتوزيع( الثقافة بلا حدود) ، جمهورية مصر العربية، 2019.**

**-لخميسي شيبي، الأمن الدولي والعلاقة بين منظمة حلف شمال الأطلسي والدول العربية- فترة ما بعد الحرب الباردة(1991م-2008م)، الطبعة الأولى، المكتبة المصرية: الجيزة، 2010.**

**-منذر الموصلي، الحياة السياسية الحزبية في كردستان -رؤية عربية للقضية الكوردية، رياض الريس للكتب في النشر،لندن،1991.**

**-مهدى أنيس جرادات، الأحزاب والحركات السياسية في الوطن العربي، دار أسامة للنشر و التوزيع، عمان-الأردن، الطبعة الأولى ،2006.**

**ثانيا:رسالة الماجستير**

**-اليامن بن سعدون، الحوارات الأمنية في المتوسط الغربي بعد نهاية الحرب الباردة : دراسة حالة مجموعة 5+5، رسالة ماجستر في العلوم السياسية ، تخصص دراسات متوسطية و مغاربية في التعاون والأمن، جامعة الحاج لخضر، كلية الحقوق والعلوم السياسية ،قسم العاوم السياسية، 2011-2012.**

**- هيوا خضر حمەأمين، مفهوم الدولة المدنية في رؤية الأحزاب الكوردستانية العراقية، رسالة ماجستر(غير منشور) في العلوم السياسية، كلية العلوم السياسية، جامعة السليمانية، 2018.**

**رابعا:المجلة**

**- سليمان عبدالله الحربي، مفهوم الأمن : مستوياته و تهديداته( دراسة نظرية في المفاهيم و الأطر)، المجلة العربية للعلوم السياسية، المجلد2008، العدد19، 31-7-2008.**

**- سعد عبيد علوان السعيدي و رياض فاضل محمد الفيلي، الأمن الوطني: دراسة نظرية في الأبعاد والأهداف والمرتكزات، مجلة المعهد، عدد15(2023) ،منشور 31-12-2023.**

**- بالة عمار، إسهامات مدرسة كوبنهاغن في توسيع مفهوم الأمن: من الأمن العسكري إلى الأمن المجتمعي، مجلة الحقوق والحريات ، المجلد 10، العدد2، جامعة خنشلة، الجزائر.**

**خامسا:الموقع الإلكتروني**

**- فرناز عطية أحمد، مفهوم الأمن القومى: التطور والأبعاد، المعهد المصرى للدراسات، 6-يوليو-2022، يوم الزيارة (27-4-2025) https://www.eipss . .org. eg –**

**-هبة الجندي، مفهوم الأمن العسكري ،يوم النشر 28 -ديسمبر-2020. يوم الزيارة 16-8-2025.**

**https://hyatok.com**

**سەرچاوە بیانییەکان**

**- Lippman، Walter(1943)، U.S. Foreign Policy: Shield of the republic، Little، Brown and company; 2nded.، Retriered may 28،2012.**

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

- **Arnold Wolfers، Discord and collaboration، Essays on International politics( Baltimore : John Hopkins University press، 1962**

# دور الأحزاب السياسية في الأمن السياسي والعسكري الوطني لإقليم كردستان
# (من وجهة نظر مواطني كردستان بعد عام(٢٠٠٥)



| |
|---|
| نازنين مرزاصابر |
| قسم النظم السياسية و السياسة العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين-أربيل، إقليم كردستان-العراق |
| nazanin.saber@su.edu.krd |
| أ. د. صالح عمر عيسى |
| قسم النظم السياسية و السياسة العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين-أربيل، إقليم كردستان-العراق |
| salih.issa@su.edu.krd |



**ملخص**

تهدف هذه الدراسة إلى تحليل طبيعة مشاركة الأحزاب السياسية ودورها في تحقيق الاستقرار العسكري، وعرض أثر هيمنة الأحزاب السياسية على حيادية المؤسسات الأمنية والعسكرية ومستوى ثقة الجمهور بها.
تبدأ الدراسة بالسؤال الرئيسي: كيف أثرت الأحزاب السياسية في إقليم كردستان على الأمن السياسي والعسكري للإقليم بعد عام ٢٠٠٥؟ تنطلق الدراسة من فرضية مفادها أنه على الرغم من مساهمة الأحزاب السياسية في تعزيز الأمن والاستقرار بعد عام ٢٠٠٥، إلا أن تدخلاتها في المؤسسات الأمنية والعسكرية أضعفت الحوكمة وقللت من ثقة الجمهور.
استخدم البحث منهجًا وصفيًا تحليليًا، يشمل أساليب كمية ونوعية، مع اعتماد المنهج الميداني كأداة رئيسية لجمع البيانات، والتي تم اختيارها كعينة من سكان إقليم كردستان. وقد حالت الأحزاب السياسية دون امتلاك الإقليم جيشًا وطنيًا، وكان للأحزاب الحاكمة تأثير سلبي على انتشار النزاع المسلح بين المدنيين. وكانت الأحزاب الحاكمة هي الأكثر تأثيراً، بينما كان تأثير المعارضة العلمانية هو الأقل.
الكلمات المفتاحية: الأمن القومي، الحزب السياسي، الأمن السياسي والأمن العسكري

Zanco Journal of Law and Politics
Vol(24), No(42), 2026

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# The Role of Political Parties in the Political and Military Security of the Kurdistan Region(From the Perspective of the Region's Citizens After 2005)

| |
|---|
| **Naznin Mirza Saber** |
| **Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Sciences, Salahaddin University–Erbil, Kurdistan Region–Iraq** |
| **nazanin.saber@su.edu.krd** |
| **Prof. Dr. Salih Omar Issa** |
| **Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Sciences, Salahaddin University–Erbil, Kurdistan Region–Iraq** |
| **salih.issa@su.edu.krd** |

## ABSTRACT

**This study aims to analyze the nature of political party participation and its role in achieving military stability, and to examine the impact of political party dominance on the neutrality of security and military institutions and the level of public trust in them.**
**The study begins with the main question: How have political parties in the Kurdistan Region affected the region's political and military security after 2005? The study is based on the hypothesis that, although political parties contributed to enhancing security and stability after 2005, their interference in security and military institutions weakened governance and reduced public trust.**
**The research employed a descriptive-analytical approach, including quantitative and qualitative methods, with fieldwork as the primary data collection tool. The sample was drawn from the population of the Kurdistan Region. Political parties prevented the region from developing a national army, and the ruling parties had a negative impact on the spread of armed conflict among civilians. The ruling parties were the most influential, while the secular opposition had the least influence.**

**Keywords: National security, political party, political security, military security**